کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# گۆڤاری پێشڕەو

۴۶۶

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ۴۶۶ – خاکەلێوەی – ئاپریلی ۲۰۲۵





## ئەوەڵی مانگی مەی چۆن بوو بە ڕۆژی جیهانی کرێکار؟

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

بۆ پشتیوانی لە مانگرتنی کرێکارانی کوورەخانەکانی ساروقامیش – بۆکان

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

سەبارەت بە کارەساتی مەرگی ٧ کرێکار لە کانگای مێهماندویەی دامغان

## تەسلیمبوون لە بەرامبەر ئەمریکاش کۆماری ئیسلامی لە ڕووخان دەرباز ناکات

## پێکهێنانی "حکوومەتی ڕاگوزەر" هەنگاوێکی دیکەیە بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئیسلامی لە سووریە

## خەڵکی کوردستان دەوڵەتی "کاتی" ئەحمەد شەرع بەڕەسمی ناناسن

## دەوڵەتی ئیسرائیل، درێژەی جینۆساید بە ئامانجی لەناوبردنی نەتەوەی فەلەستین

### سەروتار

## گونجاوترین ڕێگای پێشڕەوی خەبات بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی

لەئێستادا و لەبارودۆخێکدا کە بەشێک لە هێزە ئۆپۆزیسیۆنە بورژواییەکانی ئێران لە ڕووی داماوییەوە، بە فشاری زۆرینەی دەوڵەتی ترامپ و هەڕەشەکانی سەبارەت بە بۆمباران کردنی دامەزراوە ئەتۆمی و ژێرخانە ئابوورییەکانی ئێران ئومێدیان بەستووە و هێندێکیشیان لەو باوەڕەدان کە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لە سووریە نۆرەی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی لە تاران دێت، بابەتی سەرەکی ئەوەیە کە چۆن دەتوانین پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی زەمانەت بکەین. ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی بابەتێکی عەمەلی و مومکینە. قەیرانەکانی کۆماری ئیسلامی قووڵتر و بەربڵاوتر لەوەن کە ڕژیم بتوانێ بەرەنگاریان بێتەوە

قووڵبوونەوەی قەیران و ڕکوودی ئابووری و ئاکامەکانی گەمارۆ نێونەتەوەییەکان، پرتووکاوی ژێرخانە ئابوورییەکان و گەندەڵی و دزی بەرینی کاربەدەستانی حکوومەت، ئابووری ئێرانی خستووەتە سەر لێواری دارمان. سیاسەتەستراتێژیکە ناوچەییەکانی ڕژیم وەک ڕەمزێکی مانەوەی نیزامی ئیسلامی تووشی شکست بوون. ئیدئۆلۆژی ئیسلامی وەک یەکێک لە پایەکانی دەسەڵات لەژێر فشاری حەقیقەتە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەت لەژێر فشاری خەباتی بێباکانەی ژناندا سست و لاواز بووە. بێتوانایی ڕژیم لە وڵامدانەوە بە داخوازییە خێراکانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان، ئاراستەیەکی هێرشبەرانەتری بەم بزووتنەوانە بەخشیوە و سەرهەڵدان و گەشەی ئەم خەباتانەی لە داهاتوویەکی نزیکدا خستووەتە ئاسۆوە. لە کاتێکدا کە دەزگای ڕووحانییەت و ئیدئۆلۆژی ڕژیم توانای مەشرووعییەت بەخشینی بەو هەمووە هەژاری و فەلاکەت و بێمافییە نییە، کۆماری ئیسلامی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم ڕەوتە زیاتر لە هەموو کاتێک ڕووی کردووەتە ستراتێژی پەرەپێدانی سەرکوت. بەڵام ستراتێژی سەرکوتیش کاریگەری ڕابردووی خۆی لەدەستداوە. ئەم ستراتێژییە نەیتوانیوە جەماوەری خەڵک چاوترسێن بکات. لەئێستادا زیندان و ئەشکەنجەخانەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیش بوونەتە سەنگەری خەبات لەدژی ئێعدام و بەرگری لە ئازادی زیندانییانی سیاسی. لەم بارودۆخەدا کۆمەڵگای ئێران گەیشتووەتە ئاستی تەقینەوە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ کۆنترۆڵکردنی قەیران و ڕێگری لە ڕەوتی دارمانی ئابوورییەکەی، خەریکی ئامادەکارییە بۆ ئەنجامدانی سات و سەودا و تەسلیمبوون لە بەرامبەر ئەمریکادا. لە ئاکامی ئەم بنبەستانەدا، شکست و ناکارامەیی،

ناکۆکی و قەیرانی ناو باندەکانی حکوومەت پەرەیسەندووە و میدیاکانی حکوومەت و کۆبوونەوەکانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی بوونەتە شوێنی نمایشی ئەم قەیرانە. بۆ هەمووان ڕوون بووەتەوە کە ئەم ڕژیمە نەک بەشێوەی ڕابردوو بەڵکوو بەشێوەی ئێستاش ناتوانێ درێژە بە دەسەڵاتی بدات. ئەمەش یەکێکە لەو فاکتۆرانەی کە دۆسیەی دیاریکردنی چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی لە داهاتوودا بەڕووی کۆمەڵگادا کردووەتەوە. ئێستا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: چۆن دەکرێ کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە بڕوخێنرێت؟

ئەزموونی ئاخێز و بزووتنەوە ئینقلابییەکانی بەفرانباری ساڵی ٩٦، خەزەڵوەری ساڵی ٩٨ و ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی لە ئێران و ئەزموونی شۆڕشەکان ئەوەیان نیشانیان داوە کە کەمینەیەک دەتوانێ شۆڕش وەڕێبخات. بەڵام ئەگەر هێزی سەرەکی شۆڕش نەیەتە مەیدان ئەم کەمینەیە ناتوانێ شۆڕش بەسەرکەوتن بگەیەنێت. لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی دینامیزم و هێزی بزوێنەری شۆڕش لە ئێران ئەوەمان پێ دەڵێ کە بە بێ بەشداری بزووتنەوەی سۆسیالیستی چینی کرێکار لە گۆڕەپانی سیاسیی کۆمەڵگا، پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی زەمانەت ناکرێت. ئەزموونی هەموو شۆڕشەکان لە سەدەی بیستەم و ئاخێزە ئینقلابییەکان لە سەدەی بیست و یەک و ئەزموونی شۆڕشە ئینقلابییەکانی ساڵانی ڕابردووی ئێران نیشانیان داوە کە لە بارودۆخی ئەمڕۆی ئێراندا مانگرتنی سەرتاسەری کرێکاران لە ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری کە بوونە بڕبڕەی پشتی مانگرتنی گشتی و سیاسی، موحتەملترین ڕەوتی پێشڕەوی شۆڕشە. هەر شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە کە خوازیاری ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییە پێویستە بۆ هێنانە مەیدانی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی چینی کرێکار تێبکۆشێت. چینی کرێکار زۆرینەی جەمعیەتی ئێران پێکدێنێ و بەلەبەرچاوگرتنی پێگەی گرینگ و چارەنووسسازی لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی، بەسەرەنجدان بە پێگەیەک کە لە سەنعەتە سەرەکییەکاندا هەیەتی، دەتوانێ چەرخی ئابووری حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران و سەرچاوەی دابینکردنی هێزی سەرکوت و بوروکراسی دەوڵەتی ئیفلیج و زەمینگیر بکات.



چینی کرێکار و بزووتنەوەی سۆسیالیستی ئەم چینە بە پشت بەستن هەر بەم مێکانیسمەی بزووتنەوەی مانگرتن و بە پشت بەستن بەو چالاک و ڕێبەرانەی کە لە دامانی خۆیدا پەروەردەی کردووە، دەتوانێ ئاستی خۆڕێکخستن لەم قۆناغە شۆڕشگێڕانەیەدا بەهێزتر بکات. بزووتنەوەی کرێکاری ئێران لە جەریانی بزووتنەوەی مانگرتن و ناڕەزایەتی زیاتر لە یەک دەیە و نیوی ڕابردوو، بە پەروەردەکردنی جیلێک لە ڕێبەران لەناو ڕیزەکانی خۆیدا، بە ڕێکخستنی هەزاران مانگرتن و ناڕەزایەتی و سەدان کۆمیتەی مانگرتن و کۆمیتەی کارخانە و بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی گشتی لە بواری کادر و ئەزموونەوە، توانای وڵامدانەوەی بەم پێداویستییە بەدەستهێناوە. چینی کرێکاری ئێران بەسەرنجدان بەو دەرفەتەکەی کە لەڕێگەی بزووتنەوەی مانگرتنی خۆیەوە ڕەخساندوویەتی، ئەویش لەم قۆناغە شۆڕشگێڕانەیەدا، دەتوانێ بەسەر ئەم خاڵە لاوازانەدا زاڵ بێت. لە هەنگاوی یەکەمدا پێویستە هەوڵ بدرێت چینی کرێکار داخوازییە ئابوورییەکانی خۆی لەگەڵ خواستی سیاسی گونجاو لەگەڵ ئەم قۆناغە شۆڕشگێڕانەیە ئاوێتە بکات. لەئێستادا بەرژەوەندی چینایەتی و خەباتی سیاسی چینی کرێکار دەخوازێت کە ئاڵای خەبات بۆ ئازادی گشت بەندکراوانی سیاسی، ئاڵای خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام، ئاڵای خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسای حیجابی زۆرەملی، ئاڵای خەبات لەدژی هەژاری و نەهامەتی و گرانی و ئاڵای خەبات دژبە شەڕخوازییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەستی چینی کرێکاردا بێت. ئێستا کاتی ئەوەیە کە شەڕی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر ژنان لەسەر مەسەلەی حیجاب بکەینە شەڕی هەموو کۆمەڵگا لەدژی کۆماری ئیسلامی. ئێستا کاتی ئاوێتە کردنی داخوازی ئابووری و داخوازی سیاسییە. کاتی ئەوەیە کە چینی کرێکار ئاڵای خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بگرێتە دەست. ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی بە ڕێبەری چینی کرێکار نەک هەر لە ڕوانگەی بەرژەوەندی چینی کرێکار و بزووتنەوەی ئازادیخوازی و بەرابەری تەڵەبی لە ئێران بووەتە زەروورەت و پێویستییەکی سیاسی، بەڵکوو لە ڕوانگەی بەرژەوەندی کرێکاران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بزووتنەوەی ئازادیخوازی لەم ناوچەیە و جیهانیش ئاڵوگۆڕێکی گرینگ بە حیساب دێت

❊❊❊

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

# بۆ پشتیوانی لە مانگرتنی کرێکارانی کوورەخانەکانی ساروقامیش – بۆکان

بەپێی هەواڵی گەیشتوو کرێکارانی زیاتر لە ٩٠ کوورەخانەی سەربە ناوچەی ساروقامیشی بۆکان ڕۆژی دووشەممە ١٨ی مانگی خاکەلێوەی ١٤٠٤ بە ئامانجی وەدیهێنانی خواستەکانیان دەستیان داوەتە مانگرتن. دەست لە کار کێشانەوە و مانگرتنی کرێکاران بەهۆی بایەخ نەدانی خاوەنانی کوورەکان و خاوەنکاران و ناوەندە بەرپرسەکان بە داخوازیی کرێکاران، وە بە هیمەتی چالاکانی کرێکاری، ڕێکخراوە و شکڵی گرتووە. داخوازیی سەرەکی کرێکاران لەم مانگرتنەدا دابین کردنی هەزینەی هاتوچۆ، دابین کردنی پاک و خاوێنی و بێهداشتی شوێنی کار بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سەخت و پیسبوونی شوێنی کاری کوورەخانەکان، ئیمەنی شوێنی کار، بۆ ڕێگری لە دووپاتبوونەوەی ڕووداوەکانی کار و پاراستنی گیانی کرێکاران و بەهرەمەندبوون لە مافی بیمە کۆمەڵایەتییەکانە. جێگەی ئاماژەیە کە کرێکاران لە ناوەندە جۆراوجۆرەکانی کوورەخانەکاندا بە هاوئاهەنگی و ڕاوێژ و تەگبیر لەگەڵ یەک، هەیئەتێکیان بۆ وتووێژکردن لەگەڵ خاوەنکاران و خاوەنی کوورەکان بە مەبەستی بەدواداچوونی داخوازییەکانیان هەڵبژاردووە

خواستی بردنەسەری حەقدەست و ئەو خواستانەی کە کرێکارانی کوورەخانەکانی ناوچەی ساروقامیشی بۆکان تەئکیدیان لەسەر کردووە، هەموو ساڵێ لە وەرزی بەهار و لە کاتی بەستنی قەرارادە جەمعییەکانی کاردا بەشێک لە داخوازییەکانی کرێکاران بووە. ماوەی کاری کرێکارانی کوورەخانەکان ٧ یان ٨ سەعات کار لە ڕۆژدا نییە. بەڵکوو لە شەو و ڕۆژدا ١٢ بۆ ١٤ سەعات لە گەرمای تاقەت پڕووکێنی هاویندا کار دەکەن و ئارەق دەڕێژن تا بتوانن خەرجی ژیانی خۆیان لە دەورەی بێکاری پاییز و زستان و وەرزی بەفر و باراندا دابین بکەن. لەم ڕووەوە، کرێکاران ناتوانن خەرجی هاتوچۆکەشیان لە حەقدەستە کەمەکانیان بدەن بەتایبەت لە بارودۆخی تەوەرۆم و گرانی بێسنووری ئێستادا. شوێنی کار لە هەمان کاتدا شوێنی ژیانی کرێکارانە. کرێکاران زۆربەی کاتیان لە شوێنی کاردا بەسەر دەبەن. کەوابوو خاوەنکاران ئەرکی سەر شانیانە پاک و خاوێنی و ئیمەنی شوێنی کار بە بێ کەموکوڕی دابین بکەن. خاوەنکار و دەوڵەت ئەرکی سەر شانیانە حەقی بیمەی بێهداشت و دەرمان و بیمەی کۆمەڵایەتی کرێکاران بدەن

تاکە ڕێگا بۆ بەدیهێنانی ئەم داواکارییانە، مانگرتنی یەکپارچە و یەکگرتوویی و یەکڕیزیی کرێکارانە. هەر ئەو ڕێگایەی کە کرێکارانی زیاتر لە ٩٠ کوورەخانەی ناوچەی ساروقامیشی بۆکان گرتوویانەتە بەر. پێویستە هەوڵ بدرێت کرێکارانی بەشەکانی دیکەش بەم مانگرتنە پەیوەست بن. بێگومان خاوەنکاران و خاوەن کوورەکان ناچار دەبن لە بەرامبەر ئیرادەی بەکۆمەڵ و یەکگرتووی کرێکاراندا تەسلیم بن

کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە مانگرتن و داخوازی کرێکارانی کوورەخانەکانی ساروقامیش پشتیوانی دەکات و لە کرێکارانی کوورەخانەکانی دیکە و لە باقی بەشەکانی بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان و سەرتاسەری ئێران داوا دەکات بە هەر شێوەیەک کە دەتوانن پشتیوانی و هاوپشتی خۆیان لەگەڵ ئەو کرێکارە مانگرتووانە ڕاگەیەنن

**سەرکەوێ مانگرتنی کرێکارانی کوورەخانەکانی**

**ناوچەی ساروقامیش - بۆکان**

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی دەسەڵاتداریەتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان**

**کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

١٨ی خاکەلێوەی ١٤٠٤ی هەتاوی

٧ی ئاوریلی ٢٠٢٥ی زایینی

❊❊❊

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

## سەبارەت بە کارەساتی مەرگی ٧ کرێکار لە کانگای مێهماندویەی دامغان

بە پێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان، کاتژمێر ٣ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ١٨ی مانگی خاکەلێوەی ١٤٠٤، بەهۆی نەبوونی سیستەمی هەواگۆڕین و ئۆکسیژن و بەهۆی بڵاوبوونەوەی گاز لە کانگای بەردی خەڵووزی مێهماندویە لە پارێزگای سێمنان، ٧ کرێکاری ئەم کانە بە ناوەکانی مورتەزا شکاری، ئەحمەد شکاری، مێهدی گیلەکی، هانی گیلەکی، غوڵام حسێن ئیبراهیمی، موجتەبا ئەکبەری وعەلی ئیبراهیمی گیانیان لەدەستدا. کانگای بەردی خەڵووزی گوندی مێهماندویە کە سەر بە کەرتی تایبەتە، چوار توونێلی هەیە کە ئەم کارەساتە دڵتەزێنە لە تووننێلێکدا ڕوویداوە کە لە مانگی سەرماوەزی ساڵی ڕابردووەوە کاری لەسەر نەدەکرا و چۆڵ کرابوو. پارێزگاری ڕژیمی ئیسلامی لە سێمنان لە وتووێژێکی تایبەتدا لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی حکوومەتی ئیرنا، ڕایگەیاند کە "١٨ی خاکەلێوەی ساڵی ١٤٠٤، یەکەم ڕۆژی چالاکی گەڕان و پشکنین بووە لەم کانەدا کە بۆ ماوەیەکی زۆر کار تێیدا ڕاگیرابوو". ئەو لە درێژەی شێوازی هەمیشەیی کارگێڕانی ڕژیم لەم کاتانەدا، خەتای تاکەکەسی و هەڵەی حساباتی بە هۆکاری ئەم ڕووداوە و گیان لەدەستدانی حەوت کرێکارەکە ڕاگەیاند". بەڵام فەرەجوڵڵا ئیلیات سەرپەرستی جێگری هەماهەنگی کاروباری ئاوەدانکاری ڕژیم لە سمنان ڕۆژی سێشەممە لە گفتوگۆ لەگەڵ هەواڵنێری حکوومەتی ئیرنا، وێڕای ئاماژە بەوەیکە "کانی خەڵووزێک کە چالاک نییە دەبێ زیندوو ڕابگیرێت و کۆنترۆڵی ئۆکسیژن و گەڕانی هەوای لەبەر چاو بگیرێت" دانی بەوە دانا کە: "نەبوونی ئیمکاناتی پێویست لە ڕووداوی فەوتی حەوت کەس لە کانگای "جەواهر زوغاڵ" لە گوندی مێهماندویەی دامغان، بەڕوونی دەبیندرێت". بڵاوبوونەوەی هەواڵی گیان بەختکردنی حەوت کرێکاری ئەم کانگایە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هاوسۆزیی بەرینی خەڵک لەگەڵ کرێکاران و بنەماڵەکانیان و تووڕەیی و بێزاری ئەوانی لە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و سەرمایەدارانی کەرتی تایبەت بەهۆی بایەخ نەدانیان بە ئیمەنی شوێنی کاری کرێکارانی کانەکانی لێکەوتووەتەوە

کارەساتی مەرگی دڵتەزێنی ٧ کەس لە کرێکارانی ئەم کانە لە کاتێکدا ڕوویداوە کە لە بەیانی ڕۆژی یەکشەممە ١٧ی مانگی خاکەلێوەشدا بەهۆی داڕمانی کانگای بەردی ئاسن لە گوندی عەولاوای مەهاباد دوو کرێکار لەژێر ڕووخاوەکاندا گرفتار بوون کە یەکیان بەهۆی سەختی برینەکانیەوە گیانی لەدەستدا و ئەوی تریش بریندار بوو. ئەم مەرگە خامۆشانە لە کاتێکدا ڕوو دەدەن کە هێشتا یەک ساڵ لە کارەساتی مەرگی زیاتر لە ٥٠ کرێکاری کانگای تەبەس تێنەپەڕیوە. بەپێی ڕاپۆرتی سازمانی پزشکی قانونی لە ئێران ساڵانە زیاتر لە دوو هەزار کرێکار بەهۆی ڕووداوەکانی کار کە سەرچاوەکەیان نائەمنبوونی شوێنی کارە، گیانیان لەدەست دەدەن

لەڕاستیدا ستراتێژی هەرزان کردنی هێزی کار و قازانجپەرستی کۆماری ئیسلامی وەک گەورەترین سەرمایەداری ئێران و سەرمایەدارانی کەرتی تایبەت سەرچاوە و هۆکاری سەرەکی ڕوودانی ئەمجۆرە کارەساتە مەرگبارانە لە شوێنەکانی کارن. سەرمایەدرانی کەرتی تایبەت و دەوڵەتی لە بارودۆخێکدا کە لە کۆمەڵگای ئێراندا لەگەڵ سونامی بێکاری بەرەوڕووین، بایەخ بە گیان و تەندروستی کرێکاران نادەن و حازرن



کانگا و ناوەندەکانی کار و بەرهەمهێنان بەکردەوە بکەنە قەتڵگای کرێکاران. بەڵام مێژووی بزووتنەوەی کرێکاری لە وڵاتانی پێشکەوتوو نیشانی داوە کە دەتوانرێ بە خەباتی یەکگرتووانە و ڕێکخراو و بە داسەپاندنی یاسای پەیوەندیدار بە دابینکردن و پاراستنی ستاندارده ئیمەنییەکانی شوێنی کار و ئیجرایی کردنیان، بەتەماعترین خاوەنکار و سەرمایەداریش ناچار بە ڕەچاو کردنی ستاندارده ئیمەنییەکان لە شوێنی کار بکرێن. ئیمکاناتی پێشگرتن لە ڕووداو و کارەساتەکان ئامادە بکەن. ڕاهێنانی پێویست و بەردەوام و نوێکراوە بۆ هێزی کار فەراهەم بکەن. خاوەنکار و دەوڵەتەکان ناچار بکەن بیمەی ڕووداوەکان هەر لە ڕۆژی یەکەمی دامەزراندنەوە بدەن. لە ئەگەری هەر ڕووداوێکدا، گشت زەرەر و زیانی سەرچاوەگرتوو لە برینداربوون و یان مەرگی کرێکاران بدرێتە بنەماڵەکەیان. پێویستە ئەم داواکاریانە و هاوشێوەکانی لە ئێراندا بەسەر کۆماری ئیسلامی و سەرمایەدارەکانی ئێراندا، لەسەر پێوەری ستانداردی جیهانی، لە ڕێگەی خەباتێکی ڕێکخراوەوە بسەپێندرێت

هەتا ئەو کاتەی  نیزامی سەرمایەداری دەسەڵاتدارە و هەتا کاتێک کە لۆژیکی سەرمایەداری زاڵە، ڕێگای بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ نائەمنی شوێنی کار لە هەموو شوێنێک یەکگرتوویی و هێزی چینایەتی ڕێکخراو و هوشیاری چینی کرێکارە کە دەیهەوێ ئەم نیزامە دژەئینسانە بخاتە گۆڕەوە.

واقعییەت ئەوەیە کە خاوەنکاران بەهۆی قازانج پەرستی و تەماعیان، نە دەیانهەوێ ئەمنیەتی شوێنی کار باشتر بکەن و نە نیگەرانی لە دەستدانی کرێکارانن بەهۆی ڕووداوەکانی شوێنی کارەوە. هەتا کاتێک زۆرینەی کرێکارانی ئێران بەو ئاستە لە هوشیاری نەگەیشتبن کە دەبێ بۆ کۆتایی هێنان بەم هەمووە هەژاری و نەهامەتی و بێکاری و کارەساتە مەرگبارانە، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و نیزامی سەرمایەداری بڕووخێنن، هەتا کاتێک کە خرۆشی شۆڕشی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بیساتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و نیزامی سەرمایەداری کۆنەکاتەوە، ئەم کارەساتانە ڕیشەکێش نابن. کەوابوو ئەوە کرێکاران خۆیانن کە دەبێ بیر لە خۆیان بکەنەوە و بە پشتبەستن بە خەباتی ڕێکخراو و نەخشەمەند، خاوەنکار و حکوومەت ناچار بە دابین کردنی سەلامەتی شوێنی کاریان بکەن. یەکگرتوویی و هێزی چینایەتی کرێکاران تاکە ئامرازی ڕووبەڕووبوونەوەی زوڵم و ستەم و چەوساندنەوەی سیستەمی سەرمایەداری و حکوومەتەکەیانە. نائەمنی شوێنی کار و پێدانی خەسارەت بەو کرێکارانەی کە بەهۆی ڕووداوەکانی کارەوە زیانیان پێگەیشتووە، هەر وەک هەموو داخوازییەکی تر، تەنیا بە زەبری خەبات و هاوپشتی چینایەتی کرێکاران بەسەر سەرمایەداران و دەوڵەتی پشتیوانیاندا دەسەپێت

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی کردەوەی جنایەتکارانەی خاوەنکارانی ئەم کانگایە و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە هۆکاری سەرەکی ئەم کارەساتە ئینسانییانە و مەرگی کرێکاران لە کانگاکان و شوێنەکانی کارە، پرسە و سەرەخۆشی سەمیمانەی خۆی ئاراستەی کەسوکاری کرێکارانی گیان بەختکردوو، هاوکارانیان و هەموو کرێکارانی ئێران دەکات. بێگومان خەڵکی شەریف و زەحمەتکێشی ئەم ناوچەیە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن و ڕێزگرتن لە یادی کرێکارانی گیان بەختکردوو و هاوسۆزی لەگەڵ کەسوکاری ئەم ئازیزانە دەکەنە ناوەندی یەکگرتن و هاوپشتی و دەربڕینی بێزاری لەم بارودۆخەی ئێستا. وە بەشەکانی دیکەی چینی کرێکاری ئێران بە شێوازە گونجاوەکانی خۆیان، هاوپشتییان لەگەڵ بنەماڵەی ئەم ئازیزانە ڕادەگەیەنن و ئیعترازی خۆیان لەدژی ئەم جنایاتە لە شوێنەکانی کار دەردەبڕن

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

١٩ی خاکەلێوەی ١٤٠٤ی هەتاوی

٨ی ئاوریلی ٢٠٢٥ی زایینی

❊❊❊

# بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی

# تورکیە، سەرهەڵدانی فاشیزم لە دڵی دیموکراسی بورژواییدا

دەستگیرکردنی ئەکرەم ئیمامئۆغڵو، سەرۆکی شارەوانی ئیستانبوڵ و ڕکابەری سەرەکی ئەردۆغان لە هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆک کۆماریدا، هەروەها دەستگیرکردنی زیاتر لە هەزار ڕۆژنامەوان و چالاکی سیاسی و سێکۆلارەکان، خاڵێکی وەرچەرخانی دیکە یە لە ڕۆچوونی سیستەمی سیاسی تورکیە بەرەو ڕژێمێکی پاوانخواز و فاشیست. ئەگەرچی ڕژیمی سیاسی تورکیە لە چەند ساڵ لەمەوبەرەوە، بە وەلانانی ئەسڵی جیاکردنەوەی سێ دەزگای دەسەڵات و گۆڕینی پارلەمان بۆ مێکانیسمێک بۆ مەشرووعییەتدان بە کردەوەی سەرۆک کۆمار، هەنگاوێکی گەورەی بەرەو ڕژیمێکی ئیستبدادی هەڵگرت، بەڵام بە دەستگیرکردنی ئیمام ئۆغڵو و سڕینەوەی وەک کاندیدی سەرۆک کۆمار لەلایەن دەزگای قەزایی، نیزامی سیاسی تورکیەی بردووەتە قۆناغێکەوە کە تێیدا مێکانیسمی هەڵبژاردن شتێک بێجگەلە شانۆیەکی گاڵتەجاڕانە نابێت. واتە سیستمێک کە دەزگای قەزایی بووەتە ئامرازی هێرشکردنی ئەردۆغان. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بەو پاڵاوتنانەی کە لە ئەرتەشدا ئەنجامی داوە، بەو ئاوڵوگۆڕانەی کە لە یاسای بنەڕەتیدا ئەنجامی داوە، بە پاکتاوکردنی بەرینی نەیارانی سیاسی لە بوروکراسیان و بەرینی دەوڵەتیدا، بە گۆڕینی دەزگای قەزایی بۆ ئامرازی بەرەوپێش بردنی فەرمانەکانی خۆی و بە موهەندسی کردنی هەڵبژاردنەکان و بە بەندکێشانی ڕەقیبە سیاسییەکانی، دەیهەوێ کۆمەڵگای تورکیە بکاتە هاوڕەنگی پارتی داد و گەشە پێدان.

ئەردۆغان بە دەستگیرکردنی ئیمام ئۆغڵو و بە وەلانانی لە ئاڵقەی کێبەرکێکانی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار پەیامێکی ڕوونی بۆ خەڵکی تورکیە، نەیارانی سیاسی و هاوپەیمانانی ئورووپایی ناردووە. ئەو هەرگیز ناچێتە ناو هەڵبژاردنێکەوە کە مەترسی لەدەستدانی ئەم دەسەڵاتە خۆسەپێنەی لەسەر بێت. ئەردۆغان بە یەک ڕۆژ ئەم پێگەیەی بەدەست نەهێناوە. ئەو لە هەڵسووکەوت لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی پارکی گەزی لە ساڵی ٢٠١٣ نەقابی میانەڕەوی و ئاشتیخوازی لە ڕووی هەڵماڵی و سرووشتی ڕاستەقینەی خۆی بە نارازییان و دژبەرانی سیاسی نیشان دا. دەوڵەتی ئەردۆغان بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ خۆپیشاندەرانی پارکی گەزی هێزی پۆلیسی لەئاستێکی بەریندا بەکار هێنا. پۆلیسی تورکیە بە گازی فرمێسکڕێژ و ماشێنی ئاوپاش و گوللەی پەلاستیکی و باتۆم بە شێوەیەکی دڕندانە هێرشی کردە سەر خۆپیشاندەران. لەئاکامی هێرشی پۆلیسدا هەزاران کەس لە خۆپیشاندەران بەریندار بوون و لانیکەم ١١ کەس گیانیان لەدەستدا. هەزاران کەس لە نارازییان، چالاکانی کۆمەڵایەتی و تەنانەت پزشکان و پارێزەران کە یارمەتی نارازییانیان دەکرد دەستگیر کران. هێندێک لە ڕێبەرانی ناڕەزایەتییەکان دواتر بە تۆمەتی "ڕووخاندنی دەوڵەت" موحاکمە و بە زیندانی درێژماوە مەحکووم کران. دەوڵەتی ئەردۆغان ئەو کاتیش فشارێکی زۆری خستە سەر میدیای ناوخۆیی بۆ ڕێگریکردن لە ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانەکان. زۆرێک لەکەناڵە تەلەڤیزیۆنییەکان لە ڕووماڵی خۆپیشاندانەکان خۆیان بوارد و میدیا سەربەخۆکانیش کەوتنە ژێر فشارێکی زۆرەوە. هەورەها دەوڵەت پلاتفۆرمەکانی وەک تویتێر و یوتوبی فیلتێر کرد تا لە هاوئاهەنگی زیاتر لە نێوان خۆپیشاندەران ڕێگری بکات. دوای خۆپیشاندانەکانی پارکی گەزی دەوڵەتی تورکیە یاسای سەختگیرانەتری بۆ کۆنترۆڵی کۆبوونەوەی گشتی داڕشت و ئازادی سنوورداری ڕادەربڕینی یەکجار خستە ژێر فشارەوە



دوای سێ ساڵ لە سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکانی پارکی گەزی، کودەتا شکستخواردووەکەی ساڵی ٢٠١٦ بە سەرۆکایەتی ئەفسەرانی گۆلێنیست، دەرفەت و بیانووی بۆ ئەردۆغان ڕەخساند بۆ ئەوەی بنکەی دەسەڵاتەکەی لە دەرەوەی سنووری پارلەمان و دەزگای قەزایی، لە چوارچێوەی سیستەمی سەربازی و پۆلیسدا قایمتر بکات. لە کاتی سەرکوتی ئەم کودەتایەدا زیاتر لە ١٥٠ هەزار کەس لە کارمەندانی دەوڵەت، نیزامی، پۆلیس، موعەلیمان و مامۆستایانی زانکۆ دەرکران یان لە کار دوورخرانەوە. زیاتر لە ٤٠ هەزار سەرباز و ئەفسەری نیزامی، لەوانە ژێنڕاڵ و فەرماندە پلەبەرزەکان دەستبەسەرکران. ١٥٠ میدیا لەوانە ڕۆژنامەکان، کەناڵەکانی تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ داخران. نزیک بە هەزار خوێندنگا و زانکۆی ئەهلی بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ گۆلێن داخران و هەزاران موعەلیم و مامۆستای زانکۆ لەکار دوورخرانەوە و دەستگیرکران. زیاتر لە دوو هەزار و ٥٠٠ دادوەر و داواکاری گشتی بە تۆمەتی جۆراوجۆر لە کارەکانیان دوورخرانەوە یان دەستگیرکران و دەزگای قەزایی کەوتە ژێر کۆنترۆڵی تەواوەتی حکوومەتی ئەردۆغانەوە. ئەردۆغان لە ساڵی ٢٠١٧دا بە ڕێفراندۆمی گۆڕینی دەستوور، نیزامی حکوومەتی تورکیەی لە پارلەمانییەوە بۆ سەرۆک کۆماری گۆڕی تا دەسەڵاتی زیاتر لە دەستیدا چڕ بکاتەوە

دەوڵەتی ئەردۆغان دوای ئەم سەرکوتگەری و پاکتاوکردنانە، حیزبی یاسایی "پارتی دیموکراتی گەلان"ی بە ڕێبەری سەلاحەدین دەمیرتاش کە لەگەڵ شێوازی فاشیستی دەوڵەتی ئەردۆغان دژایەتی کردبوو، کردە ئامانج. سەلاحەدین دەمیرتاش لە ڕێبەرانی ئەم حیزبە لەگەڵ زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی کورد زیندانی کران و زۆربەیان هەتا ئیستایش لە زینداندا ڕاگیراون. زۆرێک لە سەرۆک شارەوانییە هەڵبژێردراوەکانی شارەکانی کوردستان لە کارەکانیان دوورخرانەوە و کەسانی متمانەپێکراوی حکوومەتی ئەردۆغان لە شوێنیان داندران

دوای ئەم زنجیرە چالاکییانە، هاوپەیمانی ئەردۆغان لەگەڵ حیزبی ڕاستی توندڕەوی بزووتنەوەی ناسیۆنالیست بە ڕێبەری باغچەلی، کە بە "هاوپەیمانی کۆمار" ناسراوە و لە ساڵی ٢٠١٨دا پێکهێنرا، زیاتر لە ڕابردوو سرووشتی فاشیستی سیاسەتەکانی ئەردۆغان دەرخست. پارتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیست لە گۆڕینی دەستوور و گۆڕینی نیزامی پارلەمانی بۆ نیزامی سەرۆکایەتی پشتیوانی کرد. لە هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی ساڵی ٢٠١٨ کە پارتی داد و گەشە نەیتوانی زۆرینە بەدەست بێنێت، ئەردۆغان بە یارمەتی ئەم هاوپەیمانییە توانی سەرۆک کۆماری خۆی درێژ بکاتەوە. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢٣شدا، ئەم هاوپەیمانییە ڕۆڵێکی سەرەکی لە سەرکەوتنی ئەرۆدۆغاندا بینی. ئەردۆغان بە پشتیوانی ئەم هاوپەیمانییە سەرکوتی نەیارانی سیاسی، ڕۆژنامەوانان و چالاکانی مافی مرۆڤی پەرەپێداوە، یاسای نوێی بۆ سنووردارکردنی ئازادی میدیاکان و بەکارهێنانی ئینتێرنێت پەسند کردووە و بە دەستی ئاواڵەتر میلیتاریزم و لەشکرکێشی بۆسەر کوردستانی سووریە و عێراق درێژە داوە

بەم پێشینەوە، کردەوەی فاشیستی و زێدەخوازییەکانی ئەردۆغان بە وەلانانی ئیمام ئۆغڵو کۆتایی نایێت. هەروەک چون پێداگری ئەردۆغان و باخچەلی لەسەر چەک دانانی پەکەکە و هەڵوەشاندنەوەی، دەستپێکێک بوو بۆ دەستگیرکردنی ئیمام ئۆغڵۆ، دەستگیری و وەلانانی ئەو لە پێشبڕکێ سەرۆک کۆماریش دەستپێکێک دەبێ بۆ سەرکوتکردنی بەرینتری ڕۆژنامەوانان و هونەرمەندانی سێکۆلار و ئەو گرووپانەی کە هەتا ئێستا لە چنگ سەرکوتگەرانی دەزگای قەزایی و هێزە ئەمنییەکان لە ئەماندا بوون. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان دەیهەوێ بە پەراوێزخستنی سیستماتیکی پارتی کۆماری گەل بە ڕێبەری ئیمام ئۆغڵو و ئوزغور ئوزەل و پەرەپێدانی شەپۆلەکانی سەرکوت، ئاواتی ئیمپراتووری ئیسلامی یەکپارچەی ئەردۆغانی بێنێتە دی. لە کاتێکدا کە لە بواری سیاسەتی جیهانیدا لە دڵی قەیرانی پێکهاتەی سەرمایەداری و لە دڵی دیموکراسییەکانی بورژوازیدا فاشیستەکانی وەک بێنامین نەتانیاهۆ، دۆناڵد ترامپ، جورجیا مێلۆنی و هیتر سەر هەڵدەدەن و حیزبە فاشیستەکان لە ئاڵمان و فەڕانسە دەبنە هێزی سەرەکی ئۆپۆزیسیۆن، بە بێ ئەوەیکە زیانێکیان بە ڕەواڵی دیموکراسی ئێستا گەیاندبێ، سەرەڕۆیی و زێدەخوازییەکانی ئەردۆغانیش لە دەرەوەی سنوورەکان لەگەڵ کەمترین بەربەست بەرەوڕوویە

لەماوەی یەک هەفتەی ڕابردوودا دەستگیرکردنی ئیمام ئۆغڵو بووەتە چەخماخەیەک بۆ داگیرسانی ئاگری تۆڕەیی و ناڕەزایەتی گشتی خەڵکی تورکیە لەدژی ئاکامە وێرانکەرەکانی قەیرانی ئابووری لەسەر ژیانی خەڵک، لەدژی گەندەڵی سیستماتیک و پەرەسەندنی سەرکوت و هێرشی بەردەوام بۆ سەر میدیاکان و ڕۆژنامەوانان و هیتر. لەم ڕۆژانەدا کە ئەردۆغان ڕۆژانێکی تاریکی بەسەر تورکیەدا زاڵ کردووە، بزووتنەوەی خوێندکاری بە داهێنانەکانی خۆی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە وەڕێخستنی خۆپیشاندانی سەدان هەزار کەسی لە شارە جۆراوجۆرەکانی تورکیەدا بینیوە. ئەگەرچی ئەردۆغان هەڕەشەی کردووە و خۆپیشاندەرانی بە تیرۆریستەکانی سەر شەقام ناولێناوە و پۆلیس هاشێوەی

سەرکوتی خۆپیشاندانەکانی پارکی گەزی بە باتۆم و گازی فرمێسکرێژ و تەقەکردن بەرەنگاری نارازییان دەبێتەوە، بەڵام ئەم ئیعترازاتە بەردەوام درێژەی هەیە

هاوکات "هاوپشتی سەندیکایی شۆڕشگێر" بانگەوازی مانگرتنی گشتی داوە. لە بەشێک لەم بانگەوازەدا هاتووە: "تورکیە یەکێک لە گەورەترین قەیرانە ئابووری و سیاسییەکانی مێژووی خۆی ئەزموون دەکات. ڕژیمی تاک کەسی بە سیاسەتە سەرمایەدارییەکانی، چینی کرێکار، زەحمەتکێشان، لاوان و هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا بە برسیەتی، هەژاری و سەرکوت مەحکووم دەکات. خەبات لەدژی ئەم نیزامە چەوسێنەرە کە کاریگەری دەخاتە سەر هەموو بوارەکانی ژیان، ئێستا نەک هەر لە ڕێگەی چالاکی پرژوبڵاو، بەڵکوو دەبێ لەڕێگەی خۆڕاگری و موقاومەتی بەکۆمەڵەوە ڕێکبخرێت. مانگرتنی گشتی و موقاومەت و خۆڕاگری گشتی لەو پێداویستییانەن کە چیتر ناتوانین وەدوای بخەین! مانگرتنی گشتی تەنیا ئەو ئامرازە نییە کە کرێکاران لەو ڕێگەوە لەسەر حەقدەستەکانیان وتووێژ دەکەن. مانگرتنی گشتی گەورەترین شێوازی خەباتە کە تێیدا چینی کرێکار بە ڕاگرتنی ژیان، دەسەڵاتی بەکۆمەڵی خۆی لەدژی نیزامی سەرمایەداری نیشان دەدات. لە قۆناغە هەستیارەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانە لە جیهان و لە تورکیەدا، مانگرتنی گشتی گەورەترین چەک لەدژی چینی دەسەڵاتدار بووە."

"هاوپشتی سەندیکایی شۆڕشگێڕانە" ڕێگای نیشان داوە. کارخانە و شەقام دەبێ پێکەوە پەیوەند بدرێن. کرێکاران و زەحمەتکێشان، خوێندکارانی شۆڕشگێڕ و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە بە ستراتێژی سیاسی سەربەخۆی خۆیانەوە هەنگاو هەڵگرن. ئەوان مەجبوور نین لە نێوان حیزبە پارلەمانییەکاندا یەکیان بۆ ڕێبەری هەڵبژێرن. پارتی کۆماری گەل بە پشتیوانیکردن لە هێندێک لە گۆڕانکارییەکانی دڵخوازی ئەردۆغان لە یاسای بنەڕەتیدا، لە فاشیستی کردنی ڕژیمی ئەردۆغاندا دەورونەخشی هەبووە


واقیعیەت ئەوەیە کە دیموکراسی بورژوایی بێجگەلە تێکولێکەی بێناوەڕۆک هیچی تری لێ نەماوەتەوە. ئەردۆغان و ترامپ و نەتانیاهۆ هەر سیانیان فاشیستن، بە بێ ئەوەیکە زیانێکیان بە ڕەواڵی کاری دیموکراسی بورژوایی گەیاندبێ. لەژێر ئالای ئەم دیموکراسییە بۆرژواییەدا دەکرێت جینۆساید لە غەززە ئەنجام بدرێت، کوردستانی سووریە داگیر بکرێت و تاوانی جەنگ ئەنجام بدرێت، لەشکرکێشی بۆسەر عێراق و ئەفغانستان بکرێت و هەر تاوانێک لە ئاستی جیهانیدا بەڕێوەبچێت. ئەرکی چینی سەرمایەدار بۆ دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا لە رووی مێژووییەوە لەمێژە کۆتایی هاتووە. هیچ پارتێکی بۆرژوازی، هەرچەندە "چەپ" و ڕیفۆرمخواز بێت، ناتوانێت بە پەیوەست بوون بە ڕەواڵی کاری دیموکراسییەکانی ئێستا، داخوازییە دیموکراتیکەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەدی بهێنێت. ئەرکی وەدیهێنانی داخوازییە دیموکراتیکەکانی ئێستا و دیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگاش کەوتووەتە سەر شانی چینی کرێکاری شۆڕشگێڕ و هاوپەیمانانی

***

# کۆمۆنیستەکان و مەزهەب

ئامانجی ئێمە کۆمۆنیستەکان لە ڕۆشنگەری و تەبلیغ دژبە مەزهەب، سڕینەوەی وەهم و باوەڕی مەزهەبی جەماوەری خەڵک و باورکردن و پەرەپێدانی سۆسیالیسمی زانستی لەناو کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگا دایە. گەشەپێدانی سۆسیالیسمی زانستی لەناو کرێکاران و بەشی هەرچی بەرینتری جەماوەری خەڵک، ئەرکی هەمیشەیی ئێمە کۆمۆنیستەکانە

مەزهەب لە کۆمەڵگای چینایەتی ئەمڕۆدا، لە هەمان حاڵدا کە باوەڕی جەمارێکی بەرین لە کرێکاران و خەڵکی




زەحمەتکێش پێک دێنێت، ئامرازێکە لەدەست بورژوازی و دەوڵەتەکەیدا بۆ بەرەودوابردنی خەڵک و درێژەی دەسەڵاتی نیزامی سەرمایەداری. مەزهەب بە درێژایی مێژوو رنگدانەوەی بێ هیوایی و بێ توانایی جەماوەری خەڵک بووە لەدەست و پەنجە نەرم کردنیان لەگەڵ کۆسپ و بەربەستەکانی سەر ڕێی ژیانیان. ئینسانێک کە دیلی موناسباتی نیزامی سەرمایەدارییە و بە تەنیایی ناتوانێ بارودۆخی ژیانی خۆی بگۆڕێ و لە بەرانبەر ڕەنج و ئازارێکدا کە خۆی و بنەماڵەکەی گیرۆدەین، هیچی لەدەست نایەت، کاتێک کە خۆی لاواز و داماو دەبینێ بە ناچاری روو دەکاتە ئاسمان، بەو هیوایەی کە هێزێکی بەتواناتر لەخۆی دەرکەوێت و ڕزگاری بکات. کاتێک لە دنیای راستەقینەدا هیچ هیوایەک بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی نامێنێتەوە، ئاوات دەخوازێ بۆ گەیشتن بە هیوا و هومێدەکانی دوای مردن سەرلەنوێ زیندوبیتەوە، و بە ئاواتی گەیشتن بە ڕێفاە و خۆشبەختی لە دنیای خەیاڵی دوای مردندا، ڕەنج و ئازارەکانی دنیای راستەقینە تەحەمول دەکات

ڕزگاریی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە چنگ ئەم وەهم و خورافەیە بە ڕۆشنگەری و شیکردنەوەی زانستیی بابەتەکانی جیهان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دێتەدی. بەڵام ئەم ڕزگارییە لە پانتایی کۆمەڵایەتیدا کاتێک مەیسەر دەبێت کە بارودۆخی ژیانی مرۆڤ بگۆڕدرێت و ئەو هێزە سرووشتی و کۆمەڵایەتییانەی کە مرۆڤ لە ترسانیان پەنا بۆ وەهم و خورافە و مەزهەب دەبات، بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی چینی کرێکار و بیری مرۆڤی پێشکەوتووخوازەوە. بە شۆڕشی کۆمەڵایەتیی چینی کرێکار و لەناوچوونی نیزامی سەرمایەداری، ڕێگای ڕزگاری لە زیندانێک کە توانای ئاڵوگۆڕبەخشی ئینسان تێیدا بە بەند کێشراوە ئامادە دەبێت. کەوابوو ئەرکی ئێمە دابین کردنی پێداویستییەکانی شۆڕشی کرێکارییە. بێگومان روون کردنەوەی زانستیی بابەتەکانی جیهانی ئەمڕۆ لەناو کرێکاران و سڕینەوەی پاشماوەکانی بیری مەزهەبی لەناو بیر و مێشکیاندا و نیشاندانی ئەم واقیعیەتە کە مەزهەب زنجیری دیلەتییەکی دیکەیە بە دەست و پێی کرێکارانەوە، بەشێک لە هەوڵ بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی شۆڕشی کرێکارییە

هەربۆیە دانە بەر ڕەخنە و ڕوونکردنەوەی مەزهەب و دین وەک ئیدئۆلۆژیی ئیدئالیستی سەرچاوەگرتوو لە جەهل و خورافە، بەدەر لەوەیکە دەورونەخش و کاریگەریی سیاسی ئەم ئیدئۆلۆژییە لەسەر ئەم یان ئەو قۆناغی خەباتی چینایەتی تا چ ڕادەیەک بێت، بەشێک لە خەباتی ئێمەیە بۆ پەرەپێدانی سۆسیالیسمی زانستی. لەبەر ئەوەیکە دین تێگەیشتنی بەراوەژووی جیهانە و ڕەخنەگرتن لێی، لەخۆنامۆبوونی دینی ئاشکرا دەکات و نیشانی دەدات کە ئینسان خوڵقێنەری دینە نەک دین خوڵقێنەری ئینسان. کەوابوو هیچ مەسڵەحەتێکی سیاسی یان تاکتیکی ناتوانێ و نابێ ببێتە هۆی خۆبەدوور گرتن لە ئەنجامدان و بەداهاتوو سپاردنی ئەم ئەرکە. بەڵام سەرەڕای ئەم ئامانجە گشتییە، کە زەروورەتی بەرەنگاربوونەوەی هەمیشەیی لەگەڵ هەر بیروباوەڕێکی دینی دەخوڵقێنێت، هەڵسووکەوتی کۆمۆنیستەکان لەگەڵ مەزهەب ئامانجی سیاسییەکی دیاریکراویشی لە پێوەند لەگەڵ بەرژەوەندی چینی کرێکار و ئامانجە سیاسییەکەی لە خەباتی چینایەتیدا لەپێشە. ئەو ئامانجە کە نیشانەی خەسڵەتی سیاسیی ڕەخنەی سۆسیالیستیی مەزهەب و لەم ڕوانگەوە نیشانەی جیاوازیی ئێمەیە لەگەڵ ئاتێئیسمی بورژوازی، بریتییە لە: "لاواز و ناکاریگەر کردنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی مەزهەب وەک ئامرازی فریو و بەرەودواوە بردن و سەرچاوەی ناکۆکی نانەوە لەناو جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش"

بە واتایەکی تر لە ڕوانگەی سیاسییەوە، کۆمۆنیستەکان هێزی بابەتی و کۆمەڵایەتیی مەزهەب، واتە ئەو ئۆرگانە تەبلیغاتییە کاریگەرەی کە بە هەموو کەرەستە و توانای کۆنەپەرستانەیەوە لە پەنا ئۆرگانەکانی سەرکوت خزمەت بە بورژوازی دەکات، بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەکەنە ئامانج. تەبلیغاتی ئێمە لە دەوری خواستی دیاریکراوی "جیایی دین لە دەوڵەت" پێویستە بتوانێ ئامرازی سوننەتیی دووبەرەکی و خۆشباوەڕی نانەوە لەناو جەمار لە دەستی سەرمایەداران و دەسەڵاتەکایان بێنێتە دەر و لەم بوارەدا بێ چەکیان بکات

هەر لەم پێوەندەدا، جیایی دین لە دەوڵەت و خسووسی کردنی مەزهەب بۆ تاکەکان یەکێک لەو دروشم و داخوازییانەیە کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران خەباتی بۆ دەکات، بەڵام بێجگەلە ئێمە بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازیش بەدەر لەوەیکە لە داهاتوودا چەندە بەم بابەتە پێبەند دەمێننەوە، ئەم دروشمەیان بەرز کردووەتەوە. هەربۆیە لە تەبلیغ دژبە مەزهەب، ئەوەیکە هەڵوێستی ئێمە

لە هەڵوێستی ڕەوتە بورژواییەکان جیا دەکاتەوە تەبلیغی جیایی دین لە دەوڵەت نییە، بەڵکوو لە هەمان حاڵدا دژەی کاری ڕۆشنگەرانە دژبە جەهل و خورافەی مەزهەب و ئاشکرا کردنی ڕۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتیی مەزهەبە لە خزمەت کردنی بە نیزامی چینایەتیی سەرمایەداری و پشت بەستن بە دەستکەوتەکانی مرۆڤایەتیی پێشکەوتنخوازە

هەروەک ئاماژەمان پێدا کۆمۆنیستەکان بەردەوام خوازیاری "جیایی مەزهەب لە دەوڵەت" بوون. ئامانجی ئێمە لە گەڵاڵەکردنی ئەم خواستە، کە مانای دیاریکراوی لە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست و بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتدارییەتیی شۆرایی خەڵک لە کوردستان، بە وردی شی کراوەتەوە، بریتییە لەوەیکە نفووز و سوڵتەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی مەزهەب هەرچی زیاتر پووچەڵ بکەینەوە و دەخاڵەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵک هەرچی زیاتر سنووردار بکەینەوە و بەستێن و بارووودۆخێکی لەبار و گونجاوتر بۆ خەباتی ئیدێئۆلۆژیک دژبە جیهانبینیی مەزهەب دابین بکەین

بەڵام هێندێک لە چەپەکان کە بەردەوام نیگەرانی ڕەنجاندنی جەماوەرن، جاروبارە ئەم درووشمەی کۆمۆنیستەکان لە مانا و ناوەرۆک دەخەن و بەکردەوە دەیکەنە ئامرازێک بۆ پاساوکردنی بیروباوەڕی خۆیان دەربارەی ڕۆڵ و ماهییەتی مەزهەب. ئەوان خواستی جیایی مەزهەب لە دەوڵەت بەشێوەی درووشمێکی بەرگرانە و مەسڵەحەت خوازانە کە گۆیا بە ئامانجی ڕاگەیاندنی پشتیوانیی کۆمۆنیستەکان لە مەزهەبی خسووسی و ڕەزایەت دان بە بیروباوەڕی مەزهەبیی کەسەکان و یان ڕاگەیاندنی بێ لایەنبوون سەبارەت بەم بیروباوەڕانەیە، بەکاری دێنن و لەناو جەماوەردا تەبلیغی بۆ دەکەن. تیئۆریسییەنەکانی کۆمۆنیست زۆر جار بەرامبەر بە وەها ڕوانگەیەک ڕایانگەیاندووە کە کۆمۆنیستەکان مەزهەب نەک لەپێوەند لەگەڵ خۆیان و حیزبی کۆمۆنیست، بەڵکوو نیسبەت بە دەوڵەت، بە بابەتێکی خسووسی دەزانن. ئەوان بە ڕوونی شییان کردووەتەوە کە تا ئەو جێگایەی کە بۆ پرۆلتاریا و حیزبەکەی دەگەڕێتەوە، کۆمۆنیستەکان ناتوانن و نابێ بە بەنیسبەت مەزهەب وەک بابەتێکی خسووسی ڕەزایەت بدەن یان تەنانەت لەم بارەوە بێ لایەن بن. ئەم هەڵوێستگیرییە واقعییە لەپێوەند لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی ئێران کە پتر لە چل ساڵە دەسەڵاتێکی هاری مەزهەبی یەکێک لە پێگەکانی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکە پێکهێناوە، سەد هێندە درووستە

"جیایی دین لە دەوڵەت" دروشمێکە کە وێڕای نیشاندانی دژایەتیمان لەگەڵ مەزهەب وەک بابەتێکی دەوڵەتی، بەڵێنداریشمان سەبارەت بە ئەسڵی ئازادی بێ شەرت و مەرج دەردەبڕێت. واتە جەخت لەسەر ئەم بنەمایە دەکاتەوە کە چینی کرێکار چ وەک ئۆپۆزیسیۆن و چ دوای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی، حەتمەن لەگەڵ پەیڕەو کردنی ئیجبار و زۆر و پشکنینی بیروباوەڕ و پێکهێنانی هەڵاواردن و بەربەستی یاسایی لە دژی کەسانی مەزهەبی دژایەتی دەکات و بۆ ڕەخنە و وەلانانی باوەڕ و بۆچوونی مەزهەبی لە کۆمەڵگادا، هیچ ڕێوشوێنێک بێجگە لە خەباتی نەزەری، ڕۆشنگەری و ئاموزش و قەناعەت پێهێنان بە ڕەوا نازانێ. ئێمە مەزهەب، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەویکە سەربەخۆ لە دەوڵەت بێت یان نەبێت، بە ئەفیوونی جەماوەر و ئامرازی دواکەوتوویی ئەوان دەزانین و ئەگەر خوازیاری جیایی مەزهەب لە دەوڵەتین ڕێک بەو هۆکارەیە کە دەمانهەوێ گشت شێوازێکی ڕەسمی و یاسایی پەرەپێدانی ئەم ئەفیوونە لەناو کۆمەڵگادا بە یەکجاری هەڵوەشێنینەوە

لە کۆتاییدا تەئکید دەکەینەوە کە ئێمە کۆمۆنیستەکان لە خەبات لەگەڵ مەزهەبدا قەت بێ ڕێزی بە بیر و باوەڕی خەڵک ناکەین، کاری ئێمە ڕۆشنگەری و شیکردنەوەی بە حەوسەلەی ڕاستییەکان و ڕوونکردنەوەی بە بەڵگەی جیهانبینی کۆمۆنیستی لە بەرانبەر دیاردەی مەزهەب دایە. چالاکی و خەباتی ئێمە دژبە مەزهەب نەتەنیا نابێ ڕیزی هاوپشتیی چینی کرێکار لەدژی سەرمایەداران لاواز بکات بەڵکوو ئەم ڕیزە چینایەتییە پێویستە بەهێز بکات

❊❊❊

# تەسلیمبوون لە بەرامبەر ئەمریکاش کۆماری ئیسلامی لە ڕووخان دەرباز ناکات

لە کاتێکدا کە کۆماری ئیسلامی بەردەوام لەلایەن ترامپەوە بەمەبەستی تەسلیمبوون و ئەنجامدانی ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنە هەڕەشەی نیزامی و بۆمبارانی ناوەندە ئەتۆمی و ژێرخانە ئابوورییەکانی لێ دەکرێت، عەلی خامنەیی لە وتەکانیدا بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزانەوە بەئاشکرا نیگەرانیی خۆی لە ئاست سەرهەڵدانی ئاخێزی سەرتاسەری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش نیشاندا. ئەو بە بیانووی هەڕەشەکانی ترامپ سەبارەت بە هێرشی نیزامی بۆسەر کۆماری ئیسلامی وتی: "ئەمریکا هەڕەشەی داگیرساندنی شەڕ دەکات، هەڵبەت من ئەگەری ئەوەش بە کەم دەزانم. ئەگەر ئەو کارە بکات بەدڵنیاییەوە زللەیەکی توند و زەربەیەکی قورستری بەردەکەوێت. بەڵام ئەگەر بیر لەوە بکەنەوە کە فیتنە لەناو وڵاتدا وەڕێ بخەن، ئەم میللەتە وەڵامیان دەدەنەوە. ئەم هەڵیت و پڵیتانە خامنەیی لە کاتێکدایە کە هەتا ئێستا کۆماری ئیسلامی بۆ نموونە لە بەرامبەر هێرشی نیزامی ئیسرائیل لە ناوەوەی ئێراندا کە سیستەمی بەرگریی ئاسمانی سپای پاسدارانی لەکار خست، نەیتوانیوە بەرامبەر بەو هێرشە کاردانەوەیەک ئەنجام بدات و هێرشی تۆڵەسەندنەوەی "وەعدەی سادقی ٣"شی لەبیر خۆی بردەوە. کەوابوو کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر هێرشی نیزامی ئەمریکادا ناتوانێ بەقسەی خۆیان "زەربەی بەرامبەر" لێ بدات

بەڵام ئامانجی خامنەیی لەم قسانە، پەیوەندادنی پێشوەختەی هەر ئاخێز و ناڕەزایەتییەکی جەماوەری بە دەسەڵاتەکانی دیکەیە. ئەو دەیهەوێ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا لە بەرامبەر هەژاری و برسیەتی و ئەو ژیانە فەلاکەتبارەی کە کۆماری ئیسلامی بەسەریانیدا سەپاندووە ناچار بە تەسلیمبوون و بێدەنگبوون بکات و لەم ڕێگەوە لە مانگرتن و ناڕەزایەتیی سەرتاسەری، کە ئەگەری سەرهەڵدانیان زۆر لەسەرێیە، پاشگەزیان بکات. بێگومان لە بارودۆخێکدا کە قەیرانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ئێران بەخێرایی لە حاڵی پەرەسەندندایە، وە لە کاتێکدا کە هەژاری و برسیەتی، بێکاری و گرانی، هاتنەخواری ڕۆژ لە دوای ڕۆژی بەهای دراوی ناوخۆیی، توانای کڕینی بۆ کرێکاران و توێژەکانی



دیکەی کۆمەڵگا نەهێشتووەتەوە، زۆر ئاساییە عەلی خامنەیی و ڕێبەری سپای پاسداران، نیگەرانی سەرهەڵدانی ئاخێزی سەرتاسەری و داگیرسانی ئاگری شۆڕشێک بن کە بارگەوبنەی دەسەڵاتە گەندەڵەکەیان تێکەوەپێچێت

خامنەیی لە بارودۆخێکدا ئیدیعای ئەوە دەکات کە "ئەگەر ئەمریکا هێرش بکات زەربەی بەرامبەری قورستر لە ئەمریکا دەدەن" و مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاران و جەماوەری وەگیانهاتوو لەم ڕژیمە سەرکوت دەکەن، کە حکوومەتی ئیسلامی لە لاوازترین و قەیراناویترین قۆناغی تەمەنیدایە. لەلایەکەوە بەرەوڕووی ئیفلاسی ئابوورییە، تا ئاستێک کە تەنانەت توانای پێدانی حقووقی کارمەندانی دەوڵەتی نییە و لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ لێکبڵاوبوون و لەدەستدانی هێزە نیابەتییەکانی حیزبوڵڵا لە لوبنان، حەماس و جهادی ئیسلامی لە فەلەستین، حەشدی شەعبی لە عێراق و بەتایبەت ڕووخان و لەدەستدانی حکوومەتی بەشار ئەسەد لە سووریە بەرەوڕوو بووەتەوە. هەروەها لەماوەی سێ هەفتەی ڕابردوودا حوسییەکان بەهۆی بۆردومانی بەردەوامی ژێرخانی نیزامی و مووشەکی و پەیوەندییەکانیان لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکاوە یەکجار کەوتوونە ژێر فشارەوە. کەوابوو کۆماری ئیسلامی لە قەیراناویترین و لاوازترین قۆناغی تەمەنی نگریسی دایە و ناچار بە تەسلیمبوون و قبووڵکردنی هەموو مەرجەکانی ئەمریکایە. سەرانی ڕژیم بۆ تەبلیغاتی ناوخۆیی، لە بەرامبەر فشارەکانی ئەمریکا بۆ گفتوگۆی ڕاستەوخۆ، باس لە ئامادەبوون بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی ناڕاستەوخۆ دەکەن. بە تەسلیمبوونی ڕژێمی ئیسلامی، چ لە دانوستانی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆدا، بەرپاکردنی جەنگ و بۆردومانکردنی دامەزراوە ئەتۆمییەکان، سەرەڕای فشاری حکوومەتی ئیسرائیل، بۆ ترامپ گرینگییەکی نامێنێت. بەڵام بەم حاڵەشەوە، هەم دەوڵەتی ئەمریکا و ئیسرائیل و هەم کۆماری ئیسلامی پۆتانسیەلی ماجەراجوویی و داگیرساندنی شەڕیان هەیە

بەڵام تەسلیم و "سازشی قارەمانانە"ی خامنەیی تەنیا تایبەت بە بواری ئەتۆمی نییە و هەروەک لە نامەکەی ترامپ بۆ خامنەییدا ئاماژەی پێکراوە، بواری مووشەک و درۆن و دەخاڵەت نەکردن لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە و

ڕاگرتنی پشتیوانی لە گرووپە ئیسلامییە تیرۆریستەکانیش لەخۆ دەگرێت. پەرەسەندنی "فشاری زۆرینەی گەمارۆکان" و هەڕەشەی دووبارەی ترامپ بە بۆمباران و ناردنی کەشتی فڕۆکەهەڵگر بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و فڕۆکەی بۆمب هاوێژی "بی ٢ سپیریت"، هەر هەموویان بۆ ئەوەیە ڕژیم ناچار بە گفتوگۆی ڕاستەوخۆ یان "ناڕاستەوخۆ" بکرێت. کە بە وتەی پزشکیان "ڕێبەری باڵا قبوولی کردووە کە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دانوستان و وتووێژ درێژەی بێت"

بێگومان هەڕەشەکانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە زەربەی بەرامبەری بەهێز و ڕۆیشتن بەرەو ئەتۆمی بوون و ئاشکراکردنی بەناو شارە مووشەکییەکان لە وەها بارودۆخێکدا تەنیا تەبلیغاتێکی بێبنەمایە و کەس بە جیددی وەریناگرێت. ئامانجی ئەوان پێکهێنانی بارودۆخێکە بۆ ئەوەی سازشەکەیان زۆر سەرشۆڕانە لەچاو نەدات و بە قەوڵی خۆیان "کەمێک عزەت بار" بێت. هەڵبەت ئەمریکا و دەسەڵاتە ڕۆژاواییەکانی دیکەش لە ئێستادا خوازیاری ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی نین، بەڵکوو تەسلیمبوونی کۆماری ئیسلامی و دانوستانێکیان دەوێ کە تێیدا هەموو مەرجەکانی خۆیان بەسەر ڕژیمدا بسەپێنن.

بەڵام نۆشینی جامی ژەهری تەسلیم، کۆماری ئیسلامی لە مەرگ نزیکتر دەکاتەوە. کۆتایی هەڕەشە نیزامییەکانی ئەمریکا و لابردنی "فشاری زۆرینەی گەمارۆکان" کە دووکەڵەکەی ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو چاوی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگاوە، ڕێگا بۆ پەرەسەندنی مانگرتنی کرێکاری و ناڕەزایەتی جەماوەری توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا و ڕێگای ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی حکوومەتی ئیسلامی هەموارتر دەکات. بەپێچەوانەی بۆچوون و خواستی جەریانی ڕاستی توندڕەو و پەراوێزخراوی سەڵتەنەتخواز و هێندێک لە ڕەوتە بورژواناسیۆنالیستەکان، کە بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی چاوی هیوایان لە دەستتێوەردانی نیزامی دەوڵەتانی دیکە بڕیوە و خوازیاری بەشداربوون لە دەسەڵاتن، مێژووی چەند دەیەی ڕابردوو نیشانی داوە کە دەستتێوەردانی دەسەڵاتە سەرمایەدارییەکان و شەڕخوازی ئەوان لە وڵاتانی ناوچەکە نەتەنیا بە قازانجی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش نەبووە بەڵکوو کێشە و نەهامەتییەکانی لێ زیاد کردوون و ئەوانی کردووەتە قوربانیانی یەکەمی شەڕ و وێرانی و ئاوارەیی

بەڵام تەسلیمبوون و سازشی ڕژیمی ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا تەنانەت ئەگەر بێتە هۆی لاچوونی تەواوی گەمارۆکانیش، ناتوانێ کرانەوەیەک لەو ژیانە پڕ لە هەژاری و نەهامەتییەدا پێکبێنێت کە کۆماری ئیسلامی بەسەر جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگایدا سەپاندووە. چونکە ئیفلاس و بێتوانایی کۆماری ئیسلامی لە وڵامدانەوە بە داخوازیی ئەوان لە دەرەجەی ئەوەڵدا ڕیشەی لە قەیرانی ئابووری سەرمایەداری ئێران و گەندەڵی بەرین، سیستماتیک و غەیری قابیلی ئیسلاحی ڕژیمدایە. ڕزگاربوونی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە وەها بارودۆخێکی ئابووری فەلاکەتبار تەنیا بە ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و بە دامەزراندنی حکوومەتێکی شۆرایی بەدەستی خۆیان مومکین و مویەسەر دەبێت

***

# پێکهێنانی "حکوومەتی ڕاگوزەر" هەنگاوێکی دیکەیە بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئیسلامی لە سووریە

ئەحمەد شەرع، سەرۆک کۆماری "کاتی"ی سووریە شەوی شەممە ٩ی مانگی خاکەلێوە لە دیمەشق ئەندامانی "حکوومەتی ڕاگوزەر"ی نوێی ڕاگەیاند. هەرچەند لە دوای کوشتاری زیاتر لە هەزار کەس لە عەلەوییەکان لە ڕۆژاوای سووریە لە مانگی ڕەشەممەی ڕابردوو، ئەحمەد شەرع لەلایەن دەسەڵاتەکانی ڕۆژاواوە کەوتبووە ژێر فشارەوە، کە دەوڵەتێکی گشتگیر و پێکهاتوو لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرە قەومی و ئایینییەکان لەم وڵاتە پێکبێنێت، بەڵام هەروەک چاوەڕوان دەکرا هەموو پۆستە سەرەکییەکانی دەوڵەت لەلایەن نزیکانی ئەحمەد شەرع و هەیئەتی تەحریری شامەوە قۆرخ کراون. لە دەوڵەتی ئینتقالی تازەدا پۆستێک لەژێرناوی سەرۆک وەزیراندا نابیندرێت و هەموو دەسەڵاتی ئیجرایی لە دەستی ئەحمەد شەرعدا چڕ بووەتەوە. حکوومەتی ئیسلامی سووریە و میدیاکانی سەربەم دەسەڵاتە ئەگەرچی باس لە "سەرۆک کۆماری کاتی" و "دەوڵەتی ئینتقالی" دەکەن، بەڵام لە عالەمی واقعدا و بەپێی "ڕاگەیاننی یاسای بنەڕەتی کاتی" کە ئەحمەد شەرع ڕۆژی پێنجشەممە ١٣ی مارسی ٢٠٢٥ بەرابەر بە ٢٣ی ڕەشەممەی ١٤٠٣ واژۆی کرد، ناوەڕۆکی نیزامی سیاسی دەسەڵاتدار لە سووریە و بنەمای یاساییەکەی دیاریکراوە و هەموو ئۆرگانەکانی دەزگای یاسادانان، قەزایی و جێبەجێکار بۆ ماوەی پێنج ساڵ خراوەتە ژێر کۆنترۆڵی ئەحمەد شەرع و نزیکانی ئەو لە هەیئەتی تەحریری شامدا

بەپێی دەستووری نوێ، سەرۆک کۆمار پێویستە لە ماوەی ٦٠ ڕۆژدا لە دوای دەرچوونی ئەم جاڕنامەیە، ئەندامانی "مەجلیسی گەل" یان "مەجلیسی خەڵک" دیاری بکات. بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە دەستووردا بە ئەحمەد شەرع دراوە، دەتوانێت بە شێوەیەکی شەخسی و ڕاستەوخۆ یەک لەسەر سێی ئەندامانی ئەم مەجلیسە دیاری بکات و دوو لەسەر سێی دیکەی ئەندامانی ئەم مەجلیسەش لە لایەن لیژنەیەکەوە دیاری دەکرێن کە ئەحمەد شەرع وەک سەرۆک کۆمار دەستنیشانی کردووە. بە گوێرەی ئەم دەستوورە ئیسلام وەک ئایینی فەرمی کۆماری سووریە دیاری کراوە و سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان لە سووریە فیقهی ئیسلامییە. لە ڕاستیدا هەموو ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکان، ئازادی ڕادەربڕین و بیروباوەڕ، میدیا، مافی ژنان، مافی خاوەنداریەتی و بەشداریکردنیان لە کار و پەروەردە و بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا لە چوارچێوەی بەرتەسکی یاسا و فیقهی ئیسلامیدا سنووردار کراون. بەگوێرەی دەستووری نوێ، ئایینی سەرۆک کۆمار ئیسلامە و لە پێشترەوە دیاری کراوە کە تاکەکانی سەر بە کەمینە ئایینی و ئیدیۆلۆژییەکانی دیکە، لە ڕووی یاساییەوە مافی ئەوەیان نییە خۆیان بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار لە سووریەی ئیسلامیدا کاندید بکەن

ئێستا بە پێکهاتنی دەوڵەتی ئینتقالی لە سووریە و دوای تێپەڕینی زیاتر لە دوو حەفتە لە واژۆکردنی جاڕنامەی دەستووری کاتی لەلایەن ئەحمەد شەرعەوە، زیاتر لە ڕابردوو ڕوون بووەتەوە کە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ٨ ماددەیی لە نێوان مەزلووم عەبدی فەرماندەی "هێزەکانی سووریەی دیموکرات" لەگەڵ ئەحمەد شەرع لەسەر بەرەسمی ناسینی مافی کوردەکان و کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە سووریە بەپێی دەستوور، کە زۆرێک لە ئیدئۆلۆگە ناسیۆنالیستەکانی کورد وەک ڕێککەوتنێکی مێژوویی باسی دەکەن، چەندە پووچ و بێبنەما بووە. دەرکەوت کە مسۆگەرکردنی مافی هەموو سووریەکان لە پرۆسەی سیاسی و بەشداریکردنیان لە دامودەزگا حکومییەکانی سەربەخۆ لە شوناسی ئایینی و نەتەوەیی لەسەر بنەمای ئەم ڕێککەوتنە هەشت خاڵییە درۆیە. دەرکەوت کە دڵخۆش کردن بە وەدیهێنانی مافە مەدەنییەکانی خەڵکی کوردستان و باقی کەمینەی نەتەوەیی و ئایینییەکان و خەڵکی سووریە لە چوارچێوەی دەستوورێکدا کە نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵک لە دارشتنیدا هیچ دەورونەخشێکیان نەبووە، تا چ ڕادەیەک ناعەقڵانییە. ئاشکرا بوو کە ڕێککەوتن لەسەر تێکەڵکردنی ناوەندە جەماوەری و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان، کە لەسەر بنەمای بڕیارێکی



کۆمەڵایەتی پێشڕەو کۆمەڵگا ئیدارە دەکەن، لەگەڵ ناوەندە ئیسلامییەکانی حکوومەتی دیمەشق و ڕادەستکردنی کۆنترۆڵی دەروازە سنوورییەکان، سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی نەوت و فڕۆکەخانەکان تا چ ڕادەیەک لەگەڵ خواستی خەڵکی کوردستان و خەڵکی سەرتاسەری سووریە ناتەبایە. بۆ هەموو لایەک ڕوون بووەتەوە کە بەربەستی سەرەکی لە بەردەم گەڕانەوەی ئاوارەکانی عەفرین و شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی سووریە، داگیرکاری و شەڕخوازی حکوومەتی تورکیەیە. کاتێک کە ئەحمەد شەرع ڕێککەوتننامە هەشت ماددەییەکەی بە ناوی سەرۆک کۆماری عەرەبیی سووریە واژۆ کرد، نیشانی دا کە کوردەکان و کەمینە نەتەوەییەکانی دیکە وەک کۆماری سووریە بە ڕەسمی ناناسێت. ئەگەرچی ئەحمەد شەرع لە ڕێککەوتن لە مەزلووم عەبدی پەرەپێدان بە ڕق و کینەی نەتەوەیی و ئایینی ڕەت دەکاتەوە، بەڵام هەموو هەوڵەکانی بۆ پێکهێنانی نیزامی سیاسی ئیسلامی لە سووریە و لەو نێوەشدا کوشتاری عەلەوییەکان، هەر هەموویان لە خزمەت پەرەپێدان بە ڕق و کینە و تەفرەقەی نەتەوەیی و ئایینیدا بووە

پێکهێنانی حکوومەتێکی ڕاگوزەر لە سووریە لەدوای ئیمزاکردنی دەستوور و کۆمەڵکوژی عەلەوییەکان و پێشێلکردنی مافی کەمینەکانی تر، بەڕەسمی نەناسینی مافە سەرەتاییەکان و ئەو دەستکەوتانە کە خەڵکی کوردستان لەماوەی ١٤ساڵی ڕابردوودا بەدەستیان هێناوە و بە گیانفیدایی لە بەرامبەر دوژمنانی ڕەنگاوڕەنگدا بەرگرییان لێکردووە، نابێ هیچ شک و گومانێکی هێشتبێتەوە کە ئیستبدادی ئیسلامی لە

سووریە لە هەوڵی ئەوەدایە هەنگاو بە هەنگاو پایەکانی دەسەڵاتەکەی سەقامگیر بکات. بەڵام ئەحمەد شەرع لە بارودۆخێکدا دەیەوێت بناغەکانی حکومەتێکی ئیسلامی لە سووریە سەقامگیر بکات کە ئیسلامی سیاسی هەم وەک چارەسەرێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی ئیسرائیل و ئەمریکا لە ناوچەکەدا و هەم وەک بەدیلێک بۆ حکوومەت و بەڕێوەبردنی ئابووری و کۆمەڵگا گەیشتووەتە بنبەست. دامەزراندنی حکوومەتی ئیسلامی لە سووریە دووپاتکردنەوەی ئەزموونێکی شکستخواردووە

بێگومان حکوومەتی ئیسلامی تەحریری شام ناتوانێ وڵامدەرەوەی داخوازی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێشی سووریە بێت کە زیاتر لە ٥٠ ساڵە لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری بنەماڵەی ئەسەد و لە بارودۆخی هەژاری و برسیەتی و شەڕ و ئاوارەییدا بەسەریان بردووە. ئەوان نایانهەوێ دیسان بچنەوە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئیسلامییەوە. هەربۆیە دەسەڵاتی ئیسلامی سووریە لەگەڵ خۆڕاگری و نارەزایەتی کرێکاران و خەڵکی هەژاری سووریە بەرەوڕوو دەبێتەوە کە نزیکەی لەسەدا ٩٠یان لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و١٤ ساڵ لەمەوبەر بە خواستی ئازادی و یەکسانی لەدژی دەوڵەتی بەشار ئەسەد ڕژانە سەر شەقامەکان. وەها بارودۆخێک لە هەموو چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان و هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان و ڕووناکبیران و لاوانی شۆڕشگێڕ دەخوازێت کە یارمەتیدان بە ڕێکخستنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و یەکگرتنیان لە دەوری پلاتفۆرمێکی ڕادیکاڵ، ئازادیخوازانە و یەکسانیخواز بخەنە ئەولەوییەتی چالاکییەکانیان

خەڵکی کوردستانی سووریە ناچار نین لە بەرامبەر حکوومەتی کۆنەپەرستی ئیسلامی دیمەشق و میلیتاریزیم و فشارەکانی دەوڵەتی تورکیەدا بە بەڵێنی پشتیوانی فاشیستەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل یان بە هاوپەیمانی ئەمریکا ئومێد ببەستن. ڕێگای سێهەم هەیە. خەڵکی کوردستان دەتوانن بە پشت بەستن بە دەستکەوتە بەنرخەکانی هەتا ئێستایان، بە پشت بەستن بە هێزی چەکداری جەماوەری، بە بەشداری چالاکی خۆیان لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگا و بە بەرزکردنەوەی ئاڵای داخوازی ئازادیخوازانە و بەرابەری تەڵەبانە، ببنە بنکەی ئازادیخوازی لە سەرتاسەری سووریە و پشتیوانی و هاوپشتی بیروڕای گشتی پێشڕەو لە سەرتاسەری سووریە و ناوچەکە و جیهان بەرەو خۆیان ڕاکێشن

ئەزموونی زەوتکردنی دەسەڵات لەسەرەوەی ئیرادەی خەڵک لە سووریە بۆ چالاکان و ڕێبەرانی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران هەڵگری ئەو دەرس و ئەزموونەیە، کە ئەگەر ڕیزەکانیان ڕێک نەخەن، ڕێبەری سەرتاسەرییان پێکنەهێنن و ئاسۆیەکی ڕوونیان لە قۆناغەکانی پێشڕەوی خۆیان و ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و نیزامی داهاتوو نەبێت، ناتوانن دەرفەت بخوڵقێنن، ناتوانن لەو دەرفەتانەی کە پێشهاتوون کەڵک وەرگرن و ناتوانن لە مەترسی دەست بە دەست بوونی دەسەڵات لەسەر سەری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی ئێران ڕێگری بکەن

❊❊❊

# ئەوەڵی مانگی مەی چۆن بوو بە ڕۆژی جیهانی کرێکار؟

ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار بەڕێوەیە. ئەم ڕۆژە هێمای یەکگرتوویی و هاوپشتی نێونەتەوەیی کرێکاران لە خەباتی جیهانی دژبە سەرمایەدارییە. لەم ڕۆژەدا ملیۆنان کرێکار لە سەرتاسەری جیهان بە بەڕێوەبردنی میتینگ و خۆپیشاندان و ڕێپێوان، هێزی یەکگرتووی خۆیان بەرامبەر بە دنیای پڕ لە ستەم و چەوسانەوەی سەرمایەداری نیشان دەدەن. لەم ڕۆژەدا چینی کرێکار بە نیشاندانی هێزی جیهانی خۆی ئەم پەیامە چارەنووسسازە بە گوێی جیهان دەگەیەنێ کە سەرەنجام نیزامی سەرمایەداری بە دەستی بەتوانای چینی کرێکار دەڕووخێت و بناغەی نەزمی نوێی سۆسیالیستی دادەڕێژرێت



ئیدەی دیاریکردنی ڕۆژێکی دیاریکراو وەک ڕۆژی جیهانی کرێکار لە بزووتنەوەی کرێکاریدا و جێخستنی ٨ سەعات کاری ڕۆژانە، بۆ یەکەم جار لە جەرگەی خەباتی کرێکارانی ئۆستralیا لە ساڵی ١٨٥٦دا گەڵاڵە کرا. کرێکارانی ئۆسترالیا لەو ساڵەدا بڕیاریان دا لە یەک ڕۆژدا بەکۆمەڵ کار ڕابگرن و لەبری کار کۆبوونەوە بەڕێوەبەرن و خەبات بۆ وەدیهێنانی داخوازی هەشت سەعات کاری ڕۆژانە ڕێکبخەن. بەڵام سەرەنجام ئەوە خەباتی لێبڕاوانە و خوێناوی کرێکارانی ئەمریکا بوو کە ئەم ڕۆژەی وەک ڕۆژی جیهانی کرێکار لە هەموو وڵاتان بەسەر سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیاندا سەپاند

پێشینەی ئەوەڵی مانگی مەی و دیاری کردنی ئەم ڕۆژە وەك ڕۆژی جیهانی کرێکار، لە وڵاتی ئەمریکا بۆ کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ی زایینی دەگەڕێتەوە. لەو سەردەمەدا، سەرمایەداری بە شێوەیەکی بەرین گەشەی کردبوو. هاوکات لەگەڵ گەشە و پەرەسەندنی سەرمایەداری، چەندایەتی کرێکاران لە ئۆرووپا و ئەمریکا و ئۆسترالیا و گشت وڵاتانی جیهان بەرز ببۆوە. کۆمەڵێك دامەزراوەی بەرهەمهێنانی یەکجار گەورە شکڵیان گرتبوو کە تێیدا پتر لە هەزار کرێکار کاریان دەکرد. بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەردەوام چڕتر دەبۆوە. چڕ بوونەوەی بەرهەمهێنان، بەستێنی چوونەسەرەوەی ئاستی وشیاری و هاوپشتی خەباتکارانەی کرێکارانی پێکهێنا و مانگرتنی کرێکاری لە وڵاتانی ئۆرووپایی، لە ئەمریکا و ئۆسترالیا پەرەی سەند

لە دەیەی ٨٠ی سەدەی ١٩ی زایینیدا، بزووتنەوەی کرێکاری لە ئەمریکا، گەشە و پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیبوو. شەپۆلەکانی مانگرتن، گرینگرین شارەکانی ئەم وڵاتەی داگرتبوو. شاری شیکاگۆ ببووە ناوەندی چالاکی لەو وڵاتە. لە مانگی نوامبری ساڵی ١٨٨١، فێدراسیۆنی کاری ئەمریکا، لە ٦ یەکیەتی پیشەیی پێکهات. ئەم فێدراسیۆنە کە سەرەتا ٥٠ هەزار کرێکاری لە ڕیزەکانی خۆیدا ڕێکخستبوو، لە کۆنگرەی خۆیدا لە ساڵی ١٨٨٤، ڕۆژکاری ٨ سەعاتەی پەسند کرد و خەباتێکی بەهێز و بەرینی بۆ هێنانەخوارەوەی سەعات کاری ١٢ تا ١٦ سەعات بۆ ٨ سەعات ڕێکخست

لە ساڵی ١٨٨٦، نوێنەرانی ٢٥ یەکیەتی کرێکاری کە ٣٠٠ هەزار ئەندامیان هەبوو، لە دانیشتنەکانی خۆیاندا ٨ سەعات کاری ڕۆژانەیان پەسند کرد و بەدوای ئەم بڕیارەدا، شەپۆلی بەرینی مانگرتنی کرێکاری شارە جۆراوجۆرەکانی ئەمریکای داگرت. لە ڕۆژی ئەوەڵی مانگی مەی ساڵی ١٨٨٦ پتر لە ٣٥٠ هەزار کرێکار لە شارە گەورەکانی ئەمریکا لەوانە "سەن لویز"، "شیکاگۆ"، "میلواکی" و هێندێك شاری دیکە دەستیان دایە ڕێپێوان. بەشێك لە کرێکارانی ئەمریکا توانییان خواستەکانیان بەسەر سەرمایەداراندا بسەپێنن. بەڵام لە شاری شیکاگۆ، پۆلیسی سەرمایەداران بەرەوڕووی کرێکاران تەقەیان کرد و بەهۆیەوە ٦ کرێکار گیانیان لەدەست دا و دەیان کرێکاری دیکەش بریندار بوون. سەرەڕای ئەم کوشتار و وەحشیگەرییەی سەرمایەداران و بەکرێگیراوانیان، کرێکارانی شیکاگۆ دەستیان لە خەبات هەڵنەگرت و بە ئامانجی وەدیهێنانی خواستەکانیان، ڕۆژی چوارەی مانگی مەی، دەیان هەزار کرێکار لە مەیدانی سەرەکی شاری شیکاگۆ کۆبوونەوە. لە حاڵێکدا کە بەکرێگیراوانی سەرمایە کرێکارانیان گەمارۆ دابوو، لەناکاو کەسێکی نەناسراو بۆمبێکی هاویشتە ناو پۆلیسەکان و بەهۆیەوە کەسێك کوژرا و چەند کەسی دیکەش بریندار بوون

فەرماندەکانی پۆلیس کە لەوەپێش بۆ ئەم حەرەکەتە بەرنامە و پیلانیان داڕشتبوو، فەرمانی تەقە کردنیان بەرەو کرێکارانی خۆپیشاندەر دەرکرد و لە ئاکامدا ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران کوژران و بریندار بوون. پۆلیسی سەرمایەداران ٨٠ کەسی بە تاوانی قەتڵ موحاکمە کرد. کرێکاران لە دادگای فەرمایشیدا، قارەمانانە لە خۆیان و خواستی چینایەتی کرێکاران دیفاعیان کرد و تۆمەتە ناڕەواکانیان ڕەت کردەوە. بەڵام سەرەنجام بێدادگای سەرمایەداران ٤ کەس لە ڕێبەرانی کرێکاری ئەمریکای بە ئێعدام مەحکووم کرد و ئەم قارەمانانەی چینی کرێکار گوللەباران کران. لەم بێدادگایەدا هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانیش بە زیندانی درێژماوە مەحکووم کران

پاش ئەم ڕووداوە خوێناوییە، فێدراسیۆنی کاری ئەمریکا، لە کۆنگرەیەکدا کە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٨٨٨ لە شاری سەن لویز بەڕێوەیبرد، بڕیاری دا کە لە ڕۆژی ئەوەڵی مانگی مەی ساڵی ١٨٨٩ بە یادی کرێکارانی گیان بەختکردوو و بۆ پەیگیری خواستی ٨ سەعات کاری ڕۆژانە، مانگرتن و ڕێپێوان ئەنجام بدرێت و ڕێکەوتی حەرەکەتی دواتری کرێکارانیشی ئەوەڵی مانگی مەی ١٨٩٠ دیاری کرد. هاوکات لەگەڵ ئەم

گۆڕانکارییانە لەناو بزووتنەوەی کرێکاری ئەمریکادا بەستێنی زهنی و کردەوەیی پێکهاتنی ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی کرێکاریش خولقابوو. لە ساڵی ١٨٨٩، بە داهێنانی "فرێدریك ئێنگێلس"، یەکێك لە گەورەترین ڕێبەرانی چینی کرێکار، کۆنگرەیەك بە بەشداری ٣٩١ نوێنەر لە ٢٠ وڵاتەوە لە شاری پاریس بەڕێوەچوو. ئەم کۆنگرەیە لە مانگرتنی پێشنیارکراوی فێدراسیۆنی کاری ئەمریکا کە قەرار بوو بۆ ڕێزگرتن لە یادی کرێکارانی گیان بەختکردوو و پەیگیری خواستی ٨ سەعات کار لە ڕۆژدا لە ئەوەڵی مانگی مەی ساڵی ١٨٩٠دا بەڕێوەبچێت، پشتیوانیی کرد. گرینگترین بڕیاری کۆنگرەش لەم پێوەندەدا، پەسند کردنی بڕیارنامەیەك بوو کە تێیدا ڕۆژی ئەوەڵی مانگی مەی وەك ڕۆژی جیهانی کرێکار و ڕۆژی هاوپشتی نێونەتەوەیی کرێکاران پێناسە کرا

بڕیارنامەکە ڕایگەیاند کە: "گۆنگرە بڕیاری داوە کە خۆپیشاندانێکی نێونەتەوەیی مەزن وەڕێبخات بەجۆرێك کە لە هەموو وڵاتەکان و لە هەموو شارەکان، لە ڕۆژێکی دیاریکراودا جەماوەری ڕەنجبەران کەمکردنەوەی سەعاتی کار بۆ ٨ سەعات و بەکردەوە دەرهاتنی باقی قەرارەکانی کۆنگرەی پاریس لە کاربەدەستانی دەوڵەت داوا بکەن". فرێدریك ئینگێلس هەر ئەوکات سەبارەت بە ئەوەڵی مانگی مەی، هێنانەخوارەوەی سەعاتی کاری ڕۆژانە و ئیرادەی چینی کرێکار بۆ لەناوبردنی جیاوازی چینایەتی نووسی: "خۆپیشاندانەکانی ئەوەڵی مانگی مەی لەپێناو دەستەبەر کردنی خواستی ٨ سەعات کاری ڕۆژانە، پێویستە هاوکات دەرخەری ئیرادەی چینی کرێکار بێت بۆ لەناوبردنی جیاوازی چینایەتی لە ڕێگەی خولقاندنی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی"

پاش کۆتایی کۆنگرەی پاریس، خێراترین ئەرکی ڕێکخراوە کرێکاری و سۆسیالیستەکانی پێبەند بە پەسندکراوەکانی کۆنگرە، بەڕێوەبردنی هەرچی شکۆدارتری ڕێوڕەسمەکانی ئەوەڵی مانگی مەی، ڕۆژی هاوپشتی نێونەتەوەیی کرێکاران بوو. لە ئاکامی گشت ئەم هەوڵانەدا، لە ڕێکەوتی ئەوەڵی مانگی مەی ١٨٩٠ سەدان هەزار کرێکار لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهانی سەرمایەداری هاتنە سەر شەقامەکان و لە ڕێگەی بەڕێوەبردنی خۆپیشاندان و ڕێپێوانی مەزن و شکۆدار، یەکیەتی و هاوپشتی چینایەتی خۆیان لە خەبات دژبە سەرمایەداری نیشان دا. بەڵام هەوڵی چینی کرێکار بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی ئەوەڵی مانگی مەی، هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ سەرکوتگەری و توندوتیژی بورژوازی بەرەوڕوو بۆوە. هێزەکانی سەرکوتگەری سەرمایەداران لە ڕێگەی بەکارهێنانی توندوتیژی و سەرکوت هەوڵیان دا تا لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار ڕێگری بکەن

لەم ڕێکەوتەوە بەرەو ئەملا، کرێکاران لە سەرتاسەری جیهان ڕۆژی ئەوەڵی مانگی مەی وەك ڕۆژی جیهانی کرێکار بەشێوەی جۆراوجۆر جێژن دەگرن و هاوپشتی و هاوچارەنووسی و هێزی خۆیان بەرامبەر بە دونیای پڕ لە شەڕ و ئاوارەیی، پڕ لە زوڵم و ستەم و چەوسانەوە نومایش دەدەن و مژدەی ڕزگاری مرۆڤایەتی لە چنگ نیزامی سەرمایەداری بە گوێی دانشتووانی سەر گۆی زەوی دەگەیەنن

***

# خەڵکی کوردستان دەوڵەتی "کاتی" ئەحمەد شەرع بەڕەسمی ناناسن

ئەحمەد شەرع سەرۆک کۆماری خۆسەپێنی سووریە، لەپێناوی سەقامگیرکردنی دەسەڵاتەکەی خۆی، شەوی ٩ی مانگی خاکەلێوە لە ڕێوڕەسمێکدا لە کۆشکی "شەعب" کابینەی دەوڵەتی کاتیی خۆی پێکهاتوو لە ٢٣ وەزارەت و سێ ناوەندی حکوومەتی لەوانە (لیژنەکانی فڕۆکەوانی، فتوا و کۆمیتەی وەبەرهێنان)ی ناساند و وەزیران و بەرپرسانی ئەوانیشی دیاری کرد. ئەحمەد شەرع ئەم ژمارەیە لەم کەسانەی بە وەزیرانی کابینەی دەوڵەتی "گۆڕانکاری و بنیاتنان" ناوبرد. لە کابینەکەی ئەحمەد شەرعدا پۆستی سەرۆک وەزیران لابردراوە و بەرپرسایەتی ئیجراییی دەوڵەتیشی بۆ خۆی گرتووەتە ئەستۆ.



یەکێک لەو بڕیارانەی کە ئەحمەد شەرع بۆ سەقامگیرکردن و بەهێزکردنی پێگەی خۆی دەریکردووە، دانانی ماوەی درێژخایەنی پێنج ساڵەیە بۆ حکوومەتی "کاتی و ئینتقالی"، کە خۆی و نزیکەکانی سەرۆکایەتی دەکەن. ئەو هەروەها بەرپرسانی وەزارەتخانە سەرەکییەکانیشی لە ناو دەست و پەیوەندەکانی هەیئەتی تەحریری شامدا هەڵبژاردووە. بۆ نموونە ئەسعەد شەیبانی وەک وەزیری دەرەوە و مورهەف ئەبو قەسرە وەک وەزیری بەرگری و ئەنەس خەتاب وەک وەزیری ناوخۆ و محمد یاسر بێرنیەی وەک وەزیری دارایی دەستنیشان کرد

ئەحمەد شەرع بۆ ڕەواڵەت پارێزی و بۆ نیشاندانی بەشداری کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە دەوڵەتەکەیدا، "هەند قەبوات"ی هەم وەک نوێنەری ژنان و هەم وەک نوێنەری مەسیحییەکان بۆ پۆستی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی و کار دیاریکرد و لە دروز و عەلەوی و کوردەکانیش هەر کام نوێنەرێکی لەژێرناوی وەزیر بۆ وەزارەتخانەیەکی ئیجرایی دیاریکرد. ئەو بە خەیاڵی خۆی ئەم کردەوە فریوکارانەیەی وەک بەشدرای گرووپ و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی سووریە لە کاری دەوڵەتدا بە بیروڕای گشتی قالب کردووە. هەڵبەت حکوومەتە عەرەبییەکان و تورکیە و ئەمریکا و هاوپەیمانانی ئوروپاییش لەپێناوی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا ئەم پێکهاتەیان قەبووڵ و پەسند کردووە. ئەوان کە خۆیان لە سێناریۆی هێنانە سەر کاری ئەحمەد شەرعدا بەشداربوون، لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا جاروبارە بەڕەواڵەت لەسەر بەشداری کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە دەوڵەتی نوێی سووریەدا تەئکیدیان کردووە. بەڵام لەڕاستیدا نە ئەحمەد شەرعی خۆسەپێن کە گشت دەسەڵاتی لە سووریە زەوت کردووە و نە دەستنیشاندەکانی کە لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکراتیکدا لە لایەن خەڵکەوە هەڵنەبژێردراون، ناتوانن نوێنەری خەڵکی سووریە بن و لەلایەن ئەوانەوە بەڕسمی بناسرێن

لەم پەیوەندییەدا پارت و لایەنە کوردەکانی سووریە ڕایانگەیاندووە کە ئەگەرچی بۆ بەشداری کردن لە مەڕاسمی ڕاگەیاندنی کابینەی نوێی دەوڵەتدا بانگهێشت کرابوون، بەڵام بەهۆی ئەوەیکە لە پڕۆسەی پێکهێنانی دەوڵەتدا دەخاڵەت نەدراون، لەم مەڕاسمەدا بەشدارییان نەکردووە. ئەوان ڕایانگەیاندووە کە نە تەنیا محەممەد عەبدولڕەحمان تورکو کە لە حکوومەتی بەشار ئەسەدیشدا بەرپرس بووە و لەلایەن ئەحمەد شەرعەوە وەک نوێنەری کوردەکان بۆ وەزارەتی پەروردە دیاری کراوە بەڕەسمی ناناسن، بەڵکوو لە ڕوانگەی ئەوانەوە حکوومەتی ئەحمەد شەرعیش ڕەسمییەتی نییە و بڕیار و فەرمانەکانی جێبەجێ ناکەن. چونکە لەگەڵ حکوومەتی بەشار ئەسەد جیاوازییەکی زۆری نییە و خەڵکی کوردستانی سووریە نوێنەرایەتی ناکات

دەسەڵاتی خۆسەری ڕۆژاوا ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی مانگی خاکەلێوە بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک وێڕای دژایەتی لەگەڵ قورخکردنی دەسەڵات لە دەستی گرووپێک و پەراوێزخستنی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە ڕایگەیاند: " دووبارەکردنەوەی هەڵەکانی ڕابردوو نابێتە هۆی بنیاتنانی سووریەی نوێ و قەیرانەکانی ئێستا قووڵتر دەکاتەوە. پێویستە لە پێکهاتەی حکوومەتی نوێی سووریەدا، سیاسەتی دوورخستنەوە و پەراوێزخستنی بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگا لەلایەن حکوومەتی نوێوە کۆتایی پێبێت و دەست بکرێ بە بنیاتنانی سووریەیەکی دیموکراتیک، هاوبەش و غەیری موتەمەرکز کە مافی هەموو تاکەکانی سووریە مسۆگەر بکات." هەروەها لە بەیاننامەکەی دەسەڵاتی خۆسەری کوردستانی سووریەدا هاتووە: " ئێمە پابەندین بە داواکارییە بنەڕەتییەکانی گەلی سووریە، کە ئەوان لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانیاندا گەڵاڵەیان کرد، کە بریتین لە دامەزراندنی سووریەیەکی دیموکرات، لامەرکەزی، بە بەشداری هەموو چین و توێژەکان و دادپەروەری لە هەموو بوارەکاندا."

ئەحمەد شەرع بە پێشینەی ئەلقاعیدە و داعشییەوە، دوو هەفتە لەمەوبەر لە هەوڵێکی دیکەدا دەستووری گۆترەی حکوومەتەکەی خۆی کە بەبێ بەشداری ڕای گشتی خەڵک داڕێژرابوو، پەسند و واژۆ کرد. سەرچاوەی سەرەکی ئەم دەستوورە بەناو کاتییە، شەریعەت و فیقهی ئیسلامییە. لەو دەستوورە کۆنەپەرستانەیەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوە کە سەرۆک کۆمار پیاو و موسڵمان بێت و دەسەڵاتی فراوانی لە هەموو بوارەکاندا بۆ ئەو بەڕەسمی ناسیوە. بێگومان وەها حکوومەتێک بە وەها دەستوور و یاسایەکی بنەڕەتییەوە، ناتوانێت نوێنەرایەتی ئیرادەی خەڵکی سووریە بکات. وەها دەسەڵاتێک نە سەقامگیر دەبێت و نە ئاسایش و ئەمنیەت بۆ خەڵک دێنێت. بەڵکوو سووریە زیاتر بەرەو شەڕی ناوخۆیی و دەستتێوەردانی دەسەڵاتەکانی دەرەوە دەبات. هەموان بینییان کە ئەم حکوومەتە کۆنەپەرستە ئیسلامییە لە مانگی ڕەشەممەی ڕابردوودا لە هێرشێکی وەحشیانە بۆسەر کەمینەی

شـیعەی عەلەویـدا لـە ناوچـەی کەنـاری باکـووری ڕۆژاوای سـووریە بـە بیانـووی بوونـی پاشماوەکانـی حکوومەتـی ئەسـەد، دەسـتی کـرد بـە کوشـتار و جەنایـەت و لەمـاوەی سـێ ڕۆژدا زیاتـر لـە هـەزار کـەس لـە منداڵ و خەڵکـی مەدەنـی کۆمەڵکوژ کـرد. بێگومـان وەهـا حکوومەتێـک کـە بـۆ تەکمیلکردنـی پـڕۆژەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و بـە ئامانجـی کورتکردنـەوەی دەسـتی کۆمـاری ئیسلامـی لـە سـووریە، بـە پشـتیوانی ئەمریـکا، تورکیـە، ئیسرائیـل و دەسـەڵاتەکانی ڕۆژاوا و دەوڵەتـە عەرەبییـەکان هاتـە سـەر کار، ناتوانـێ بەرژوەنـد و قازانـج و مافـی هاوڵاتییانـی سـووری دابیـن بـکات

هەڵبـەت خـودی ئەحمـەد شـەرعیش لـە ڕێوڕەسـمی سـوێندخواردنی ئەندامانـی کابینەکەیـدا، دانـی بـەوە دانـا کـە کێشـە و ئاسـتەنگی گـەورە لەسـەر ڕێگایەتـی و جەختـی



لەسـەر هاودەنگـی و یەکڕیـزی خەڵـک کـرد. بـەڵام بەدڵنیاییـەوە حکوومەتەکـەی بـە وەهـا سرووشـت و کردارێکـەوە، یەکڕیـزی و تەبایـی خەڵـک نابینێـت. لەبـەر ئـەوەی ناتوانـێ داخوازییەکانـی جەمـاوەری کرێـکار و زەحمەتکێشـی سـووریە کـە ٩٠%یـان لەژێـر هێڵـی هەژاریـدا ژیانێکـی پـڕ لـە نەهامەتـی بەسـەر دەبـەن، وەدی بێنێـت. قەیرانەکانـی ئێسـتا قـووڵتر دەبنـەوە و زۆر ناخایەنێـت کـە بـۆ جارێکـی تـر لەگـەڵ بزووتنـەوە گـەورە کۆمەڵایەتییـەکان بـەرەوڕوو دەبێتـەوە. ئـەم حکوومەتـە ناتوانـێ بەسـەر قەیرانـە قووڵـە سیاسـی، ئابـووری، کۆمەڵایەتـی و فەرهەنگییەکانـی سـووریەدا زاڵ بێـت. ئیدیعاکانـی ئەحمـەد شـەرع بـۆ کردنـەوەی ئاسـۆی نـوێ لـە بوارەکانـی پـەروەردە، پیشەسـازی و زانسـتدا و جەختکردنـەوەی لەسـەر بووژاندنـەوەی پیشەسـازی و چاکسـازی دارایـی و ڕێگریکـردن لـە گەندەڵـی و ڕاکێشـانی وەبەرهێنـان و هـیتر، جگـە لـە دروشـمی بـێ بنەمـا و بەڵێنـی جێبەجێنەکـراو هیچـی تـر نابێـت

❋❋❋

**بو بینینی ڕاستەوخۆی**
**تەلەڤیزیۆنی ئاڵتێرناتیڤی شورایی**
**-کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و**
**کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە**
**بکەن:**

**alternative-shorai.tv**

# "کۆماری ئیسلامی و دواپین سەنگەرەکانی "میحوەری موقاوەمەت

دوای لاوازبـوون و لێکهەڵوەشـانی حیزبـوڵڵا و حەمـاس بەهـۆی شـەڕی تاوانکارانـە و جینۆسـایدی ئیسرائیـل لـە فەلەسـتین و لۆبنـان، لەئێسـتادا ئەمریـکا لـە هەوڵـی سڕینەوە یان گۆڕینـی پێکهاتـەی دوو هێـزی دیکـەی "میحـوەری موقاومـەت"ی کۆمـاری ئیسلامیدایـە کـە بریتیـن لـە حەشـدی شـەعبی و حوسـییەکان. دەوڵەتـی ئەمریـکا لـە هـاوکاری لەگـەڵ ئیسرائیل دەمێکـە بەنیـازە بـە پێکهێنانـی ئاڵوگـۆڕی بەریـن لـە پێکهاتەی گرووپەکانـی حەشـدی شـەعبی پەیوەنـدی ئـەوان لەگـەڵ کۆمـاری ئیسلامـی لەڕێگـەی فشـار و هەڕەشـەی نیزامییـەوە بپچڕێنێـت.

لـەم پەیوەندییـەدا ڕۆژی دووشـەممە چـواری مانگـی خاکەلێوە پارلەمانـی عێـراق پەسـەندکردنی پـڕۆژە یاسـایەکی سـەبارەت بـە حەشـدی شـەعبی خسـتە دەسـتووری کارەوە. ئـەم پڕۆژەیـە کـە نـاوی "یاسـای گرووپـی حەشـدی شـەعبی"یە ١٨ مـاددە لەخۆدەگرێـت و یـەک مانـگ لەمەوبـەر لەلایـەن هەیئەتـی وەزیرانـی دەوڵەتـی عێراقـەوە پەسـندکرا. بـە پەسـەندکرانی ئـەم پـڕۆژە یاسـایە هەمـوو گرووپەکانـی حەشـدی شـەعبی کـە هەتـا ئێسـتا هـەر کامیـان لـە چوارچێـوەی گـرووپ و دەسـتەیەک لـە ڕەوتـە شـیعەکانی سـەربە بـە کۆمـاری ئیسلامـی چالاکییـان کـردووە، وەک هێزێکـی واحـدی نیزامـی، دەخرێنـە ژێـر فەرماندەیـی گشـتیی هێـزە چەکدارەکانـی عێـراق کـە سـەرۆک وەزیرانـە. بەپێـی ئـەم یاسـایە ئەندامانـی گرووپـی حەشـدی شـەعبی نابـێ سـەر بـە هیـچ حیـزب و گرووپێکـی سیاسـی بـن. نابـێ هیـچ جـۆرە کار و چالاکییەکـی حیزبـی بکـەن. ژمـارەی حسـابی ئـەم گرووپـە دەبـێ لەژێـر کۆنترۆڵـی وردی دیوانـی بـاڵای چاوەدێریـی دارایـی دەوڵەتـی عێراقـدا بێـت. ئەرکـی گرووپـی حەشـدی شـەعبی بەرگـری لـە سیسـتمی یاسـای بنەڕەتـی و "دیموکراسـیی عێـراق" و بەرەنگاربوونـەوە لەگـەڵ تیـرۆر دەبێـت. ئـەم گرووپـە خاوەنی یـەک فەرماندەیـی و ١٦ ناوەنـد دەبێـت. پێگـەی فەرماندەی گرووپـی حەشـدی شـەعبی کـە بەرپرسـایەتیی کۆنترۆڵکردنـی هەمـوو چالاکییەکانـی ئـەم گرووپـەی لـە ئەسـتۆیە، لەئاسـتی وەزیـردا دەبێـت

پێدەچێـت بەرپرسـانی حیزبـە شـیعەکانی "چوارچێـوەی هاوئاهەنگی"یـش کـە هەتـا ئێسـتا پەیوەندییەکـی نزیکیـان لەگـەڵ کۆمـاری ئیسلامـی هەبـووە و پارێـزەری بەرژەوەنـد و بەڕێوەبـەری سیاسـەتەکانی ڕژێمـی ئیسلامـی بـوون، بـۆ پاراسـتنی پێگـەی خۆیـان ناچـار بـە قەبووڵکردنـی ئـەم یاسایە بـوون. چونکـە ئەمریـکا بەشـێوەی جیـددی هۆشـداری بـە عێـراق داوە کـە ئەگـەر ئـەم پڕۆژەیـە جێبەجـێ نەکرێـت شـەڕی لۆبنـان و غـەززە، عێراقیـش دەگرێتـەوە. لـە ئەگـەری جێبەجـێ کردنـی ئـەم یاسـایەدا پێکهاتـەی حەشـدی شـەعبی لـە هێزێکـی نیابەتیـی کۆمـاری ئیسلامییـەوە بـۆ بەشـێک لـە هێـزە چەکدارەکانـی ژێـر فەرمانـی دەوڵەتـی عێـراق دەگۆڕدرێـت. پێدەچێـت کۆمـاری ئیسلامیـش مەجبـوور بووبێـت جێبەجـێ کردنـی ئـەم پڕۆژەیـە قەبـووڵ بـکات. لـەم پەیوەدییـەدا ڕۆژنامـەی "شەرقولئەوسـەت" ئاشـکرای کـرد کـە کۆمـاری ئیسلامـی بەهـۆی نیگەرانـی لـە پەرەسـەندنی شـەڕی ئەمریـکا و ئیسرائیـل بـۆ عێـراق، حەفتـەی ڕابـردوو ئیسماعیـل قائانـی فەرماندەی سـپای قۆدسـی ڕەوانـەی بەغـدا کـردووە تـا بـە ڕێبەرانـی حیـزب و گرووپـە چەکدارەکانـی نزیـک بـە ڕژێـم هۆشـدار بـدات کـە لـەم قۆناغـە هەسـتیارەدا لـە ئەنجامدانـی هەرجـۆرە هێرشـێکی نیزامـی دژبـە ئەمریـکا و ئیسرائیـل خۆبـەدوور بگـرن. ئەگینـا عێراقیـش وەک حوسـییەکان هێرشـی دەکرێتـە سـەر. هەڵبـەت بوونـی عێـراق بـە بـەرەی شـەڕی



ئەمریـکا و ئیسرائیـل بـە مانـای پەرەسـەندنی بەرینایـی شـەڕی ئـەم دەوڵەتانـە دژبـە کۆمـاری ئیسلامییـە و هـەر ئـەوەش بووەتـە هـۆی نیگەرانیـی جیددیـی کۆمـاری ئیسلامـی

هەروەهـا لـە پەیوەنـد لەگـەڵ حوسـییەکان، وەک بەشـێکی تـر لـە هێزەکانـی "میحـوەری موقاومـەت"، قۆناغـی نوێـی هێرشـە ئاسمانییەکانـی ئەمریـکا لەمـاوەی دە ڕۆژی ڕابـردوو، کاربەدەسـتانی کۆمـاری ئیسلامیـی زیاتـر لـە ڕابـردوو لەئاسـت پەرەسـەندنی شـەڕ بـۆ نـاو ئێـران نیگـەران کـردووە. ڕۆژی شـەممە ٢٥ی مانگـی ڕەشـەممە ترامـپ سـەرۆک کۆمـاری ئەمریـکا لـە پەیامێکـدا کـە لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا بڵاوی کـردەوە، باسـی لـەوە کـرد کـە فەرمانـی دەسـتپێکردنی قۆناغێکـی دیکـەی لـە هێرشـی نیزامـی بۆسـەر بنکەکانـی حوسـییەکان دەرکـردووە. ئـەو لـە پەیامەکەیـدا وێـڕای هۆشـدار بـە ڕێبەرانـی کۆمـاری ئیسلامـی بـۆ ڕاگرتنـی ناردنـی یارمەتـی و پشـتیوانی لـە حوسـییەکان ڕایگەیانـد کـە لەمەبەدوا کۆمـاری ئیسلامـی لـە هـەر هێرشـێکی نیزامیـی حوسـییەکان بـۆ سـەر کەشـتییەکانی ناوچەکـە بـە بەرپرسـیار دەزانێـت. لـەم ماوەیـەدا بۆردومانەکانـی ئەمریـکا زیانێکـی زۆری بـە پێگـە سـەربازییەکانی حوسـییەکان و ناوەنـدە سیاسـی و ئەمنییـەکان و ژێرخانـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی یەمـەن گەیانـدووە

لەلایەکـی دیکـەوە لەمـاوەی دوو حەفتـەی ڕابـردوودا حوسـییەکان کـە بەشـێکی زۆری باکـوور و ناوەڕاسـتی یەمەنیان لـە کۆنترۆڵدایـە، بـە هاویشـتنی مووشـەک و فڕۆکـەی بـێ فڕۆکـەوان هێرشـەکانیان بـۆ سـەر کەشـتییەکان لـە دەریـای سـوور دەسـتپێکردووەتەوە. هەروەهـا ڕۆژی یەکشـەممە ٣ی مانگـی خاکەلێـوە وتەبێـژی نیزامیـی حوسـییەکان باسـی لـەوە کـرد کـە مووشـەکی بالیسـتیکیان بـەرەو فڕۆکەخانـەی نێودەوڵەتیـی "بێـن گۆریـۆن" لـە ئیسرائیـل هاویشـتووە و ڕایگەیانـد کـە ئامانجەکەیـان پێـکاوە و بەهۆیـەوە نیو سـەعات

هاتوچۆی ئاسمانیی ئەم فڕۆکەخانەیە ڕاگیراوە. زۆرێک لە کارناسانی نیزامی، هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانی ئەم دواییەی حوسییەکان بۆ هاوکاریی ئەو فەرماندانەی هێزی قۆدسی سپای پاسداران دەگێڕنەوە کە لەم دواییەدا لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ یەمەن ناردراون. چاوەدێرانی سیاسی پێشبینی دەکەن کە ئاکامی درێژەی دەستتێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە یەمەن دەبێتە هۆی تەشەنەسەندنی ئاگری شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ ناو ئێران. دەوڵەتی عێراقیش کە نیگەرانی پەرەسەندنی شەڕی




یەمەن لە ناوچەکەیە، ڕۆژی ٣٠ی مانگی ڕەشەممە "عادڵ عەبدولمەهدی" سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراقی ڕەوانەی سەنعا کرد تا حوسییەکان لە ئاکامە مەترسیدارەکانی هاویشتنی مووشەک بەرەو ئیسرائیل و کەشتییە نەوتبەرەکان لە دەریای سوور ئاگادار بکاتەوە. بە گوتەی سەرچاوە ئاگادارەکان ناوبراو ئەو پەیامانەی لە نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیدا ئاڵوگۆڕ کراون بە ڕێبەرانی حوسییەکان دەگەیەنێت. ئەو هەروەها داوایان لێدەکات کە باقیی دەفتەرەکانیان لە عێراق و بەتایبەت دەفتەری سەرەکییان لە بەغدا دابخەن بۆ ئەوەی عێراق نەکەوێتە بەر هێرشی ئیسرائیل و ئەمریکاوە

تاقمی کۆنەپەرستی حوسی لە بارودۆخێکدا بەشی ژێر کۆنترۆڵی خۆی لە یەمەن بە پاساوی بەرگری لە ئیسلام و خەڵکی فەلەستین دەرگیری شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل کردووە کە خەڵکی ستەمدیدەی یەمەن وەک هەژارترین وڵاتی ناوچەکە، لەگەڵ فەقر و هەژاری و برسییەتییەکی بێوێنە بەرەوڕوون. لە جەریانی شەڕی چەند ساڵە لەگەڵ عەرەبستانی سعوودی و ئێستاش لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، هەزاران کەس لە خەڵکی یەمەن کوژراون و ماڵ و ژێرخانەکانی ئەم وڵاتە لەناوچوون. ئەم شەڕە تاوانکارییانە هیچ پەیوەندییەکی بە بەرژەوەند و قازانجی ئەم خەڵکە ستەملێکراوەوە نییە و ژیان و گوزەرانیانی لەگەڵ مەترسیی جیددیتر و نابوودی بەرەوڕوو کردووەتەوە. خەڵکی یەمەن هیچ ڕێگایەکیان نییە جگە لەوەی بە ئیعترازاتی خۆیان ڕێبەرانی جەنایەتکاری ئەنسارولڵای حوسی ناچار بکەن کە لەوە زیاتر ژیان و گوزەرانیان نەکەنە فیدای بەرژەوەندی ماددی و بیر و باوەڕی کۆنەپەرستانەی دەسەڵاتداریەتیی ئیسلامی

***

# ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز لە کوردستان
## هێمای درێژەی خەبات لەدژی حکوومەتی ئیسلامییە

ئەمساڵ لە سەروبەندی هاتنی نەوروز و ساڵی نوێدا، ڕێوڕەسم و ئاهەنگە شادەکانی نەورۆز بەتایبەت لە شارەکانی کوردستان ڕێکخراوتر و لەئاستێکی بەرینتر لە ساڵانی پێشوو بەڕێوەچوون. ئەو ڕێوڕەسمانەی ناوەرۆکی دروشم و سروود و ئاوازەکانی، پۆشینی جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ و ئازاد، شادی و سەما و هەڵپەڕینی ژنان و پیاوانی لاو دەست لە ناو دەستی یەک، هەر هەموویان نیشانەی دژایەتییەکی ڕوون بوو لەگەڵ بناغەکانی ئیدئۆلۆژی، فەرهەنگ، سیاسەت و یاسای کۆنەپەرستانەی حکوومەتی ئیسلامی. ڕێوڕەسمەکانی جەژن و شادیی خەڵک لەئاستی بەریندا تەنیا بەخاتری نەورۆز نەبوو. بەڵکوو لە هەمان کاتدا حەرەکەتێکی سیاسی و نیشانەی هاوپشتیی جەماوەر بوو کە هێزە سەرکوتگەرەکانی حکوومەتیی ئیسلامیی لە بەرامبەر خۆیدا ئیفلیج و زەمینگیر کرد. بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانە و بەرینی ئەم ڕێوڕەسمانە نیشانەی پێشڕەوی و ئاڵوگۆڕ لە هوشیاری و داهێنانی سیاسیی جەماوەری خەڵکە. گەورەترین ڕێوڕەسمی نەورۆزیی ئەمساڵ لە کوردستان لە شاری سەقز واتە لە زادگای ژینای ئازیز بەڕێوەچوو. لە چەند ناوچەی ئەم شارە بەتایبەت لە بەشی "ساحێو" ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان بە بەشداریی زیاتر لە ٣٠ هەزار کەس بەڕێوەچوو کە دیمەنێک بوو لە درێژەی بزووتنەوەی ژینا لە قالبی جەژنی نەورۆزدا

بەشداریی دایکانی تێکۆشەری دادخواز لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵ وێڕای بەدەستەوە گرتنی وێنەی گیانبەختکردووان، دیمەنێکی دیکە لە ڕێوڕەسمە سیاسییەکانی نەورۆزی ئەمساڵ بوو. هەڵبەت ئەمساڵیش ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز لە بارودۆخێکدا بەڕێوەچوو کە کاربەدەستانی حکوومەتی ئیسلامی و دامودەزگا ئەمنیەتی و سەرکوتگەرەکانی ڕژیمی ئیسلامی زۆر لە پێشترەوە بە دەرکردنی فەرمانی پێشگرانە، بانگکردن و هەڕەشەکردن لە چالاکانی سیاسی لە شارەکانی کوردستان هەوڵیان دا لە بەڕێوەچوونی ئەم ڕێوڕەسمانە ڕێگری بکەن، بەڵام نەیانتوانی. لەماوەی هەفتەکانی ڕابرووداا لە مەریوان ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەمشارە زیاتر لە ٦٠ لاوی بانگکردبوو و هەڕەشەی لێکردبوون کە نابێ لە مەراسمە نەورۆزییەکاندا بەشداری بکەن. لە پیرانشاریش ٥٨ کەسیان لەمشارە بۆ بەشی لێپرسینەوەی دادگا بانگکردبوو و ئەوانیان بە "تەبلیغ دژبە نیزام" لەڕێگەی بەڕێوەبردنی شایی و هەڵپەڕکێ تۆمەتبار کردبوو. ئەم هەوڵانە نیشانەی ئەوپەڕی ترس و نیگەرانیی ڕژیمی ئیسلامی لە سەرهەڵدانی ئاخێزێکی جەماوەریی دیکە لە جۆری ئاخێزی ژینایە

هەڵبەت ڕێوڕەسمەکانی جەژن و شادیی چوارشەممە سووری و نەورۆز لە زۆرێک لە شارەکانی سەرتاسەری ئێرانیش لەئاستێکی سنووردارتردا بەڕێوەچوو. ئەم مەراسمانە لە هێندێک شوێن لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمی دژەشادیی کۆماری ئیسلامییەوە هێرشیان کرایە سەر. بۆ نموونە لە تاران، کەرەج، ڕەشت، بەندەر ئەنزەلی، بابۆل، سەبزەوار، زەنجان، زەبەرخانی پارێزگای مەشهەد و بەهارستان لە باشووری ڕۆژئاوای پارێزگای تاران، هێزەکانی ڕژیم هێرشیان کردە سەر کۆبوونەوەی جەژن و شادیی خەڵک و لەگەڵیان تووشی تێکهەڵچوون بوون. لە هێندێک لە شارەکان بە هاویشتنی گازی فرمێسکڕێژ هەوڵیان دا بڵاوە بە خەڵک بکەن. بە ئیعترافی سەرۆکی ڕێکخراوی



فریاکەوتنی ڕژیم، لە ڕووداوەکانی چوارشەممە سووری و نەورۆزی ئەمساڵدا، ١٥ کەس لە خەڵک کوژراون و دوو هەزار و ٤٦٦ کەسیش بریندار بوون. هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد کە ٦ ئامبولانس لە کاتی ئەم تێکهەڵچوونانەوەدا زیانیان پێگەیشتووە. کۆبوونەوە و ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵ لە کاتێکدا بەڕێوەچوون کە بەرپرسانی حکوومەتی ئیسلامی لە دەزگای قەزایی، هێزی ئینتزامی و ئیمامانی جومعەوە بگرە هەتا عەلی خامنەیی، لە زۆر پێشترەوە هەوڵیان دا بە وەبیرهێنانەوەی مانگی ڕەمەزان و ساڵڕۆژی کوژرانی عەلی ئیمامی یەکەمی شیعەکان، خەڵک لە بەڕێوەبردنی جەژن و شادی پاشگەز بکەن و بەرەو نەوحەخوێندن و شین و گریان و ماتەمین هان بدەن، بەڵام سەرنەکەوتن.

لە وەها بارودۆخێکدا عەلی خامنەیی لە پەیامە نەورۆزییەکەیدا سەرەتا ساڵی ڕابردووی، کە ساڵی شکستی سەرشۆڕانەی ستراتێژی ناوچەیی حکوومەتی ئیسلامی و ساڵی لێکهەڵوەشانی هێزەکانی بەناو میحوەری موقاومەتەکەی بوو، بە ساڵێکی پڕ ماجەرا و ڕووداو ناوبرد. ئەو وتی: "ئۆمەتی ئیسلامی لە ساڵی ڕابردوودا چەندین کەسایەتیی گەورە لەوانە شەهید نەسروڵلا و هەنییە و ڕەئیسی و سنواری لەدەستدا. ئێمە ئیتر ئەوانمان لەناودا نییە". خامنەیی لە وتەکانیدا لە پەیوەند لەگەڵ قەیرانی قووڵی ئابووری کە ژیان و گوزەرانی دەیان ملیۆن کەسی لە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش خستووەتە مەترسییەوە، خۆی لە گێلێ دا و فریوکارانە ویستی قەیرانی ئابووریی پەرەئەستێنی چەند دەیەی کۆماری ئیسلامی سنووردار و کەم بایەخ نیشان بدات و وتی: "لەماوەی ساڵی ڕابردوودا بەتایبەت لە بەشی دووهەمی ساڵدا کێشە ئابوورییەکان فشاریان بۆ خەڵک هێنا"

خامنەیی بە ڕەواڵی هەمیشە، ناوێکی بێناوەرۆکی بۆ ساڵی ١٤٠٤ هەڵبژارد و ناوی نا ساڵی "وەبەرهێنان بۆ بەرهەمهێنان"، و بۆ لابردنی ئەم "فشار"ە، یان لەڕاستیدا بۆ ئابووریی ئیفلاسی حکوومەتە ئیسلامییەکەی نوسخەی پێچا.

خامنەیی ڕوونی کردەوە کە مەبەستی وەبەرهێنانی دەرەکی نییە. بەڵکوو مەبەستی وەبەرهێنانی خودی خەڵکی ئێرانە کە لەجیاتی گۆڕینی سەرمایەکانیان بۆ زێڕ و دراوی بیانی، لە وڵاتدا وەبەرهێنان بکەن. ئەوەش لە کاتێکدایە کە خۆی دەزانێ لە بارودۆخی ناسەقامگیری ئێستادا کە هەموو پێورەکانی ئابووری ڕوو لە دابەزینن، هیچ سەرمایەدارێک حازر نییە سەرمایەی خۆی بخاتە مەترسییەوە و لە ئێران وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری بکات. ئەم داواکارییە نیشانەی قووڵایی وەرشکستەیی و بێهیوایی خامنەییە کە چاوی تەماعی لەو سەرمایە کەمەی خەڵک بڕیوە کە بۆ نەجاتدانی دارایی خۆیان لە دزی و گەندەڵیی بەرپرسانی ڕژیم و فەرماندەکانی سپای پاسداران، لەگەڵ زێڕ و دراوەکانی تر دەیگۆڕنەوە

جەماوەرێ کرێکار و زەحمەتکێشی ئێران لە بارودۆخێکدا پێ دەنێنە ناو ساڵی ١٤٠٤ی هەتاوییەوە کە نرخی دۆلار گەیشتووەتە سنووری ١٠٠ هەزار تمەن. پەیداکردنی کار و بەدەستهێنانی تیکە نانێک بووەتە نیگەرانیی هەموو ڕۆژێی خەڵک. بێگومان بە درێژەی حکوومەتی ئیسلامی، هیچ کرانەوەیەک لە وەزعی ژیان و گوزەرانی خەڵکدا پێکنایەت. هەرجۆرە کرانەوەیەکی ڕاستەقینە و باشتربوونی ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و زۆرینەی خەڵکی ئێران لە گرەوی ئەوەدایە کە لەسەر بەستێنی درێژە و گەشە و سەرتاسەری کردنەوەی مانگرتن و ناڕەزایەتییەکاندا، ڕیزەکانیان ڕێکخراوتر بکەن، ڕێبەریی سەرتاسەرییان پێکبهێنن و بە فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی نەبەردی نهایی، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەشێوەی شۆڕشگێڕانە برووخێنن

❊❊❊

# دەوڵەتی ئیسرائیل، درێژەی جینۆساید بە ئامانجی لەناوبردنی نەتەوەی فەلەستین

دەسەڵاتی فاشیستی ئیسرائیل بە ئامانجی لەناوبردنی نەتەوەی فەلەستین لە کوشتن و جینۆساید بەردەوامە. ئەم حکوومەتە داگیرکەرە بە درێژایی ٧٧ ساڵ تەمەنی، بە ئامانجی لەناوبردنی خەڵکی فەلەستین و داگیرکردنی هەموو خاکەکەیان، کوشتار و کۆمەڵکوژی درێژە داوە. لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا و بەدوای هێرشی تیرۆریستی گرووپی کۆنەپەرستی حەماس بۆسەر شارۆچکە نشینەکانی ئیسرائیل لە ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣، بە بەرپاکردنی شەڕی جنایەتکارانە دژبە خەڵکی فەلەستین، هەتا ئێستا زیاتر لە ٥٠ هەزار کەس لە خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستین گیانیان لەدەستداوە و پتر لە ١١٤ هەزار کەس برینداربوون و هەموو کەرتی غەززەی کردووەتە وێرانە. بەپێی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەسەدا ٦٠ی کوژراو و بریندارەکان ژن و منداڵن. هەڵبەت حکوومەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل زۆربەی تاوانە ترسناکەکانی دژی گەلی فەلەستین بە نهێنی دەهێڵێتەوە. بەو پێیەی غەززە بەتەواوی لەژێر گەمارۆی ئیسرائیلدایە و هەواڵنێرانی سەربەخۆ ڕێگەیان پێنادرێت هەواڵی ئەم کۆمەڵکوژییە و تاوانەکانی شەڕ ڕووماڵ بکەن، جەماوەر بێ ئاگان لەو هەموو تاوانە ترسناکانەی کە لەلایەن ئەرتەشی ئیسرائیلەوە ئەنجام دەدرێن. هەرچەندە لەم ماوەیەدا هەزاران بابەتی شیکاری و ئاماری سەبارەت بە کردەوە تاوانکارییەکان و جینۆسایدی حکوومەتی فاشیستی ئیسرائیل بڵاوکراونەتەوە، بەڵام هەم حکوومەتی ئیسرائیل و هەم حکوومەتی ئەمریکا و حکوومەتە هاوپەیمانەکانی دیکە هەوڵدەدەن پێش بە بڵاوکردنەوەی وردەکاری هەواڵی تاوانەکان بگرن و هەواڵە ساختە و ناڕاستەکان بە خەڵک بدەن

یەکێک لەو تاوانانەی کە سرووشت و زەرفییەتی بەرزیان لە ئەنجامدانی تاوان نیشان دەدات، ئەو تاوانەیە کە ئەرتەشی جنایەتکاری ئیسرائیل بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە ٣ی مانگی خاکەلێوەی ١٤٠٤ لە گەڕەکی تەل سوڵتان لە باشووری شاری ڕەفەح لە کەرتی غەززە ئەنجامی داوە. لەم ئۆپەراسیۆنەدا کاروانێکی ئەمبولانسەکانی مانگی سووری فەلەستین و ئۆتۆمبێلێکی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئۆتۆمبێلێکی ئاگرکوژێنەوە کە خەریکی یارمەتیدانی بریندارەکان بوون، لەلایەن ئەرتەشی ئیسرائیلەوە هێرشیان کرایە سەر. لەم هێرشە دڕندانەیەدا، ١٥ کارمەندی فریاگوزاری، لەوانە هەشت پزیشکی مانگی سووری فەلەستین و شەش ئەندامی هێزەکانی بەرگری شارستانی و یەکێک لە کارمەندانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستبەسەر و لە مەودای نزیکەوە تەقەیان لێکرا و کوژران. ئەم کارە دڕندانەیە بەڕێکەوت و هەڵە نییە، بەڵکوو بەرهەمی ئەو بڕیار و فەرمانانەیە کە لەلایەن سەرکردە و فەرماندە خوێنڕێژەکانی ئیسرائیلەوە بە یەکە سەربازییەکان دراوە

ئەرتەشی داگیرکەری ئیسرائیل بۆ پەردەپۆشکردنی ئەم تاوانە، بە بۆڵدزر تەرمی ئەم کەسانە و ماشێن و ئامبۆلانسەکانی خستە ژێر خاکەوە. هەفتەیەکی خایاند تا هێزەکانی فریاگوزاری نەتەوە یەکگرتووەکان کە بەدوایاندا دەگەڕان، تەرم و ئۆتۆمبێلەکانیان بدۆزنەوە و لەژێر خاک بیانهێننەوە دەر. ئەرتەشی فاشیستی ئیسرائیل سەرەتا بێ شەرمانە هەواڵی پەیوەندیدار بەم تاوانەی ڕەت کردەوە. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە سەرۆکی نووسینگەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە غەززە تۆمەتەکانی ئیسرائیلی ڕەتکردەوە کە ئەوان ئەندامی حەماس بوون و وتی: "کارمەندانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کارمەندانی فریاگوزاری بە یوونیفۆرم و جلیقەی شەوڕەنگ و دەستکێشی ناشتنەوە لە ڕاگواستنی کوژراو و بریندارەکانی شەڕ بۆ نەخۆشخانەکان و کۆمەک بە ئەوان، هاوکارییان کردووە". تەنیا هەر ئەم نموونەیەش نەبووە و بەپێی ئەو ئامارانەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاوی کردووەتەوە، هەتا ئێستا زیاتر لە ١٥٠ کارمەندی مانگی سوور و بەرگری شارستانی و زیاتر لە هەزار کارمەندی بەشی تەندروستی لە شەڕی غەززەدا گیانیان لەدەستداوە

تەرمی ئەم ئینسانە شەریفانە، یەک هەفتە دوای ئەنجامدانی ئەم تاوانە و بەخاتری چەند ڕۆژ ماتەڵ کردنی لەئانقەستی ئیسرائیل بۆ دەرکردنی ئیجازەی لێکۆڵینەوە، لە کاتێکدا دۆزرانەوە کە لەو مەسیرەدا تەلەفونی یەکێک لە گیان بەختکردووان دیترابۆوە. لەو مۆبایلەدا کلیپێکی تێدا بوو کە ڕووداوەکانی هەتا بەر لە کوشتنی خاوەنەکەی نیشان دەدا. ئەم کلیپە دڵتەزێنە ڕۆژی ١٦ی خاکەلێوە لەلایەن نوێنەری فەلەستین لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کرا. ئەم گرتە ڤیدیۆیە بە ڕوونی نیشانی دەدات کە سەرەڕای ئەوەی ئەم کاروانە چرای هۆشداری سوور و شینیان هەڵکردووە و سەرەڕای ئەوەیکە ئەرتەشی فاشیستی ئیسرائیلیش ئاگادار بووە کە ئەم ئامبولانس و ئۆتۆمبێلانە فریاگوزارین، بەڵام تەقەیان لێکردوون و کووشتوویانن. ئەم کلیپە لە تاوانی ئەرتەشی داگیرکەری ئیسرائیل بەخێرایی میدیایی بووەوە. پاش ئەوەی تاوانەکە ئاشکرا بوو، ئەرتەشی ئیسرائیل بێ شەرمانە ڕایگەیاند کە ئەو ئۆتۆمبێلانەی هێرشیان کراوەتە سەر، چرای پێشەوە و نیشانەی فریاگوزارییان نەبووە

نەتانیاهۆی شەڕخواز بۆ مانەوەی دەوڵەتەکەی و بۆ وەدواخستنی بەدواداچوون بۆ دۆسیەی گەندەڵییەکانی کە لە دادگاکانی ئیسرائیلدا هەیەتی، گەلێک جار ڕایگەیاندووە کە شەڕ درێژە دەدات و هیچ پێشنیارێکی ئاگربەستی دایم قبووڵ ناکات. لە ماوەی ئەو ئاگربەستە کاتیە چل ڕۆژەیەدا کە لە ٣٠ی مانگی بەفرانباری ١٤٠٣ بەرقەرار کرا، بۆ تێکدانی ئاگربەست و دەستپێکردنەوەی شەڕ هەموو هەوڵێکی دا. سەرەنجام ڕۆژی سێشەممە ٢٨ی مانگی بەفرانبار ئەم ئاگربەستەی خستە ژێر پێ و بۆمبارانی ناوچەکانی غەززەی دەستپێکردەوە

لە ماوەی سێ هەفتەی ڕابردوودا حکوومەتی فاشیستی ئیسرائیل بە ڕێگری کردن لە هاتنە ناوەوەی یارمەتییە خۆراکی و سووتەمەنیەکان و دەستپێکردنەوەی بۆردومانی بەردەوام، بووەتە هۆی کوشتنی زیاتر، هەژاری، برسێتی و ئاوارەبوونی دووبارەی خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستین. هێندێک لەم خەڵکە لەم دواییەدا گەڕابوونەوە شار و ماڵە وێرانکراوەکیان و لە خێوەتە شڕ و دڕاوەکانیاندا نیشتەجێ بوون. ئێستا دەوڵەتی داگیرکەری ئیسرائیل بەئاشکرا ڕاگەیاندووە کە لە هەوڵی داگیرکردنی بەشێکی دیکە لە کەرتی غەززەدایە و لە هاوکاری لەگەڵ ترامپ بۆ کۆچ پێکردنی خەڵکی غەززە بۆ وڵاتانی دیکە و داگیرکردنی تەواوی غەززە بەرنامەڕێژی دەکات

بێگومان ئەم گرتە ڤیدیۆیە وەک بەڵگەیەکی مێژوویی لە تاوانی دەسەڵاتدارانی جنایەتکاری ئیسرائیل دژبە مرۆڤایەتی، لە ئارشیڤی مێژوودا تۆمار کراوە و دەمێنێتەوە. ئەگەر سەرانی دەوڵەتانی سەرمایەداری هاوپەیمان لەگەڵ ئیسرائیل و ناوەندەکانی بەناو مافی مرۆڤەکەیان لەئێستادا چاوی خۆیان بەسەر ئەم تاوانانەدا بەستووە و بە "مافی بەرگری ئیسرائیل" پێناسەی دەکەن، لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا هاوشێوەی سەرانی نازییەکان کە تاوان و جینۆساید و سووتاندنی مرۆڤیان لە ئوردووگای "ئاشویتس"دا خستبووە ڕێ، لەلایەن دادگاکانی خەڵکەوە موحاکمە دەکرێن و سزای کردەوە دژەئینسانییەکان وەردەگرن

❊❊❊



# بەیاننامەی هاوبەشی ڕێکخراوە سەربەخۆکان سەبارەت بە پەسندکردنی لانیکەمی حەقدەستی ساڵی ١٤٠٤

لەدژی پەرەسەندنی هەژاری و چەوساندنەوەی بێسنوور کە بەزەبری یاسا و سەرکوتی سەرمایەداری دادەسەپێت، پێویستە ڕاپەڕین!

"شۆرای باڵای کار" کە بێگومان کۆڕی پارێزەرانی نیزامی سەرمایەدارییە، دوای چەند شەو و ڕۆژ کۆبوونەوەی بێشەرمانە، ئاکامی شانۆکەی خۆی لەژێرناوی دیاریکردنی بڕی حەقدەستی ساڵی ١٤٠٤ ڕاگەیاند. بەلەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی ئەم بەناو شۆرایە کە لە نوێنەرانی دەوڵەت، نوێنەرانی خاوەنکار و لە تاقمێکی دەستسازی دەوڵەت بەناوی نوێنەرانی کرێکاران پێکهاتووە، هیچ هیوایەک بەوە نەبوو کە ئاکامی ئەم نمایشە بێهوودەیە هیچ شتێکی ئەرێنیی بۆ کرێکاران لێبکەوێتەوە. ئاکامی ئەم سات و سەودایە کە لە نێوان دەوڵەت و خاوەنکاراندا بوو هەر لە پێشترەوە مەعلووم بوو: پەرپێدانی هەژاریی موتڵەق لەناو کرێکاران و لەئاستی کۆمەڵگا بەقازانجی سەرمایەداران، قودرەتنەمایی لە بەرابەر کرێکاران و پەرەپێدانی فەرهەنگی "بسووتێ و بسازێ" لەلایەن شۆرای باڵای کار کە بەرپرسی دیاریکردنی لانیکەمی حەقدەست و داکۆکیکاری بەرژوەندی دەوڵەت و خاوەنکارە

بەپێی بڕیاری شۆرای باڵای کار، لانیکەمی حەقدەستی پایە بۆ ساڵی ١٤٠٣ کە بڕی ٧ ملیۆن و ١٠٠ هەزار تمەن لە مانگدا بوو لە ساڵی ١٤٠٤دا کراوەتە ١٠ ملیۆن و ٣٩٩ هەزار تمەن کە بە ڕواڵەت نزیکەی ٤٥٪ی پێ زیادکراوە. لە کاتێکدا کە بەپێی وتەکانی وەزیری کار، توانای کڕینی کرێکاران لە ساڵی ڕابردوو ٢٠٪ کەم بووەتەوە و لە ساڵی داهاتووشدا بەپێی زۆربەی پێشبینییەکان، لەوانە پێشبینیی هێندێک لە ناوەندە فەرمییەکان، نزیک بە ٥٠٪ لەسەد دەبێت، توانای کڕینی کرێکاران تا دێ کەمتر دەبێتەوە. حەقدەستی زۆربەی هەرەزۆری کرێکارانی لەسەرکار لەژێر هێڵی هەژاریدایە و لە ساڵی داهاتوودا لەچاو ئەمساڵ خراپتر دەبێت. تەنانەت ئەگەر مەزایای پەیوەندیدار بە حەقی مەسکەن، خاروبار، حەقی ئەولاد، حەقی تەئەهول و حەقی سەنەواتیش لەبەرچاو بگرین، حەقدەستی کرێکارێک بە دوو منداڵەوە کە لە ساڵی ١٤٠٣دا نزیک بە ١١ ملیۆن و ٦٠٠ هەزار تمەن بوو، لە ساڵی ١٤٠٤دا دەگاتە نزیک بە ١٦ ملیۆن تمەن. بەڵام ئەم حەقدەستە مانگانەیە چ لە ساڵی ١٤٠٣ و چ لە ساڵی ١٤٠٤دا بە زەحمەت بەشی دابینکردنی خەرجی یەک حەفتەی بنەماڵەیەکی چوار کەسی دەکات. تەنانەت ئەگەر لە بنەماڵەیەکدا ژن و شووەکە هەر دووکیان ئەم حقووقە وەرگرن دیسانیش ناتوانن خەرجی یەک مانگی ژیانێکی لانیکەمی پێ دابین بکەن. سەرمایەدارانی چەوسێنەر و دەسەڵاتدارانی گەندەڵ و تاڵانکەر کە شەللاقەکانی ستەمی سەرمایەداری بە نیشانەی حیکمەتی ئیلاهی دەزانن، بێجگەلە پەرەپێدانی هەژاری و چکۆلەکردنەوەی سفرەی کرێکاران هیچ دەورونەخشێکی تریان نییە. ئەم تاقمە چۆن دەتوانن بیر لە بردنەسەری ڕاستەقینەی حەقدەست و بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی بکەن. کەسانێک کە لە شۆرای باڵای کاردا بەشدارن، نوێنەرانی سەرمایەداران و دەسەڵاتێکن کە ٤٦ ساڵە بە چەوساندنەوە و سەرکوتی کرێکاران هەژاری و نابەرابەرییان پەرەپێداوە و دەسەڵات و سەروەت و ژیانی شاهانەی خۆیان لەم ڕێگەوە بەدەستهێناوە. ئەوانیش هەم لە ئامارەکان ئاگادارن و هەم هەژاری و دەستکورتی بەڕوونی دەبینن. بەڵام بۆ باشترکردنی ژیانی کرێکاران هیچ هەنگاوێک هەڵناگرن. چونکە چەوساندنەوە، هەژاری و ستەم بەرانبەر کرێکاران سەرچاوەی قازانج و سەروەت و دەسەڵاتیانە. هۆکاری سەرەکیی هەژاری و نەهامەتیی ئێستای کۆمەڵگا و لەخوارێ ڕاگرتنی ئاستی حەقدەست، نیزامی سەرمایەداری و دەسەڵاتێکە کە ستەمی سەرمایە بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنێت.

ڕێکخراوە سەربەخۆکان لە ڕێکەوتی ٢٥ی ڕێبەنداندا بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە و بەپێی داتا ئامارییەکان ڕایانگەیاند کە حەقدەستی لانیکەم لە ساڵی ١٤٠٤دا نابێ لە ٦٠ ملیۆن تمەن کەمتر بێت. ئەم بڕە، خەرجی ئاسایی ژیانی بنەماڵەیەکی مامناوەندی شاری لە ساڵی داهاتوودایە. لەم بەیاننامەیەدا داوا لە هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشان کراوە کە لەم بڕە حەقدەستە پشتیوانی بکەن. بەو پێیەی زیادکردنی حەقدەست پەیوەندیی پێچەوانەی لەگەڵ قازانجی سەرمایەداران و دەسەڵات و سەروەتی حاکمان هەیە، ئێمە دڵنیا بووین کە دەوڵەت و خاوەنکاران لە بەرامبەر خواستی کرێکاران بۆ بردنەسەری ئاستی حەقدەست و دیاریکردنی بنەمایەکی دروست بۆ لانیکەمی حەقدەست، بە هەموو شێوەیەک موقاومەت دەکەن. ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە دەربڕینی ڕاستییەکانی ژیانی چینی کرێکار ئەرکی هەموو تاکێکی هوشیار و هەموو ڕێکخراوێکی پێشڕەوی کرێکارییە. هەروەها لەسەر ئەو باوەڕەین کە وەدیهاتنی خواستی زیادکردنی حەقدەست بە پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری و بە خەباتی لێبڕاوی کرێکارانەوە گرێ دراوە. کەوابوو کێشەی حەقدەستی کرێکاران نە بە کۆبوونەوەکانی شۆرای باڵا و نە بە واژۆ کردن یان نەکردنی نوێنەرانی بەناو کرێکاران چارەسەر نابێت

مەسەلەی حەقدەست تا ئەو کاتەی سیستەمی سەرمایەداری حوکمڕانی کۆمەڵگا بکات، یەکێک لە پرسە سەرەکی و ئازاربەخشەکانی جەماوەری کرێکاران دەبێت. لەم ڕووەوە کرێکارانی هوشیار و داهاتووبین نەتەنیا پێویستە بۆ بردنەسەری حەقدەست و باقیی خواستە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کرێکاران خەبات بکەن بەڵکوو دەبێ بۆ چارەسەرکردنی پرسەکانی کرێکاران چ لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و چ لە بواری سیاسی و فەرهەنگیدا دژبە نیزامی چەوسێنەر و ستەمگەری سەرمایەداری و پشتیوانانی ڕەنگاوڕەنگیان دەست بدەنە خەباتێکی ڕێکخراو و ئامانجدار و بەرنامەڕێژیکراو و پشتیوانیی جەماوەری زەحمەتکێش بەرەو ئەم خەباتە بەشێوەیەکی بەرین ڕاکێشن

تەنیا لەم ڕێگەوە کرێکاران دەتوانن هەم خواستی دەستبەجێ و هەم خواستی درێژماوەی خۆیان و زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵگا دەستەبەر بکەن

خەبات بۆ زیادکردنی بڕی حەقدەست و باقی خواستە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، لە خەبات بۆ ئازادی و دابینکردنی ماف و خواستی جەماوەری زەحمەتکێش جیا نییە و تێکۆشانی لێبڕاوانە لەپێناو بەرژەوەندی کرێکاران لە هەر کام لەم بوارانەدا یارمەتیدەر دەبێت بۆ سەرکەوتنی خەبات لە بوارەکانی دیکەدا

٢٨ی ڕەشەممەی ١٤٠٣ی هەتاوی

سەندیکاری کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئۆتۆبووسڕانی تاران و دەوروبەر

سەندیکای کرێکارانی نەیشەکەری حەوت تەپە

گرووپی ئیتحادی خانەنشینان

کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان

کرێکارانی خانەنشینی خووزستان

❊❊❊

## ڕاگەیاندنی نوێنەرایەتیی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) لە دەرەوەی وڵات

## بە بۆنەی ماڵئاوایی لە ژیانی دایە ئیحترام شەکووری

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە دایە ئیحترام شەکووری، یەکێک لە دایکانی فیداکار و خۆڕاگری کۆمەڵە دوای نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە حەوتی مانگی خاکەلێوەی ١٤٠٤ بەرابەر لەگەڵ ٢٧ی مارسی ٢٠٢٥ لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا لە شاری سنە ماڵئاوایی لە ژیان کرد

دایە ئیحترام شەکووری هاوسەری نەمر ڕەشید خوداجوو، زیندانی سیاسی کۆماری جەنایەتکاری ئیسلامی لە دەیەی شەست، دایکی هاوڕێی گیانبەختکردوو نادر خوداجوو و نەمر ناسح خوداجوو بوو. ژیانی دایە ئیحترامی خۆشەویست، لەماوەی



زیاتر لە چوار دەیە تەمەنی نگریسی کۆماری ئیسلامیدا پڕ لە ڕەنج و ژان و ئازار بوو بەڵام هەرگیز لە بەرامبەر هەڵسووکەوتی وەحشیانە و دژەئینسانی کۆماری ئیسلامیدا تەسلیم نەبوو و سیمای موقاومەت و فیداکاری بوو. دایە ئیحترام هەتا کۆتایی ژیانی بە دڵێکی پڕ لە نەفرەت و بێزاری لە کۆماری ئیسلامی، پڕ لە عەشق و خۆشەویستی بۆ ئازادی، بە ئارمانی ڕەزگاری ئینسان لە ستەم و هەڵاواردن وەفادار مایەوە

نوێنەرایەتیی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات بەبۆنەی کۆچی ئەم دایکە ڕەنجدیدە و خۆڕاگرە پڕ بە دڵ سەرەخۆشی دەکات لە بنەماڵە و کەسوکار و خۆشەویستانی و خۆی بە شەریکی غەمیان دەزانێت. یادی ئازیزی بەرز و بەڕێز بێت

نوێنەرایەتیی کۆمەڵە

(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

لە دەرەوەی وڵات

٢٧ی مارسی ٢٠٢٥

٧ی خاکەلێوەی ١٤٠٤

❊❊❊

## شێعر

شاعیر ونوسەری بەناوبانگ محەممەد ماغوت کە دانیشتوی سوریایە دەربارەی نیشتمان دەڵێ

### ئیتر خیانەت لە نیشتمانەکەم دەکەم.

-گەمژەییە بەرگری لە نیشتمانێک بکەم نەخانویەکم تێیدا هەبێ ونە بژێوی ڕۆژانەم

-گێلیەتیە خۆم بکەمە قوربانی تا منداڵەکانم دوای من دەربەدەر و ئاوارەبن

-شورەییە هاوسەرەکەم چێ بهێڵم تا دوای من ببێتە نێچیری( سەگەکان)

-نیشتمان ئەو شوێنەیە کە پێداویستیەکانی ژیانی تێدایە نەک هۆکارەکانی مردن.

-سەربەنیشتمان بوون- نیشتمانی بوون- درۆیەکە سیاسیەکان ودەسەڵاتداران دایانهێناوە تا لەپێناوی ئەواندا بمرین

-باوەڕم بە بیرۆکەی مردن لەپێناو نیشتماندا نیە

-نیشتمان هەرگیز نادۆڕێ ، ئێمەین دۆڕاوین.

-کاتێک نیشتمان توشی شەڕ دەبێ تەنیا بانگەوازی هەژاران دەکەن تا بەرگری لێبکەن

-وەکاتێک شەڕ کۆتایی دێ بانگەوازی بەرپرسان دەکەن تا دەستکەوت وپلە و پایەکان بەشکەن

-کاتێک نیشتمان تووشی بەڵای شەڕ دەبێ ، تەنیا هەژاری پاڵەوان وشەرافەتمەندن سنگیان پڕ دەبێ لە گوللە، لەکاتێکدا ورگی بەرپرسەکان وخیانەتکاران پڕ دەبێ لە سەروەت و سامان

-کاتێک نیشتمان توشی بەڵای شەڕ دەبێ ، ئەوانە دەمرن کە شایستەی مردن نین لەپێناو ئەوانەدا کە شایستەی ژیان نین

-نیشتمان درۆیەکە دایانهێناوە و سنورێکیان لەخەیاڵدا بۆ داناوە و ئێمەش باوەڕمان پێکردوە منیش دەڵێم :

بابزانین ( زەڕەیەک خاکی وەتەن نادەم بەقەسری قەیسەری )، چەند ڕاستی تێدایە !؟

***




### کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسپێکی بەرنامەکان، ۱۶:۳۰ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ۲۲:۳۰، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:۳۰، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ۱۰:۳۰، دە و نیوی بەیانی

پێشـــــــڕەو
ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

نوێنه رایه تیی کۆمه ڵه له ده ره وه ی وڵات
representation.of.komala@gmail.com

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب
international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧